
# رەها

گۆڤارێکی گشتی مانگانەیە

ژمارە (5) سێ شەممە 1/5/2018



# عیشق وشەفەقەت

## دەروازەیەك بۆ لێکدانەوە وردەکانی پەیامەکانی نوور

د. ئومێد نەجمەددین موفتی ( لاپەرە 12)



زامدار قادری ٨

**لیوا فەخرەددین پاشاو شاری مەدینە**



نیاز عەزیز ١١

**میعراج لە دیدی مەولانای رۆمی**



د.بدر قادر سورچی ١٠

**زەنجەبیل وەك دەرمانخانەی ماڵە**

**خاوەنی ئیمتیاز :**

- ئەیاد نادر

Ayadqadr10@gmail.com _ 07800932624

**بەڕێوەبەری گشتی :**

- ئاوارە کاوێس

malaawarakawes@gmail.com _ 07508447484

**سەرنووسەر :**

- زامدار قادری

Muhammadibrahim9232@gmail.com _ 07507399232

**بەڕێوەبەری هونەري :**

- ئارکان صدیق بەقال

Arkanbaqal1990@gmail.com _ 07503081803

**دیزاین :**

- بلال برزنجی

bilalbakr.1995@gmail.com _ 07507606006

# ڕەهـــــا

* ڕەها گۆڤارێکی مانگانەی گشتی یە ، بە شێوازی ئەلیکترۆنی بڵاو دەکرێتەوە .

* ڕەها بابەتی نوسەران بە چەند فلتەرێك دادەبات ، دواتر بڵاو دەکرێتەوە ، ئەگەر بابەت لە ژمارەیەك بڵاو نەکرێتەوە ڕەنگە هەڵبگیرێت بۆ ژمارەکانی داهاتوو .

* ڕەها بە هیچ شێوەیەك بەر پرس نیە لە هیچ یەك لە بۆچوونی نوسەران .

* دەستەی نوسەرانی ڕەها ( د. ابراهیم هەرشەلی ، زامدار قادری ، د. بەدر قادر سورچی ، محمد مەلا سعدالدین ، ئاوارە کاوێس ، نیاز عەزیز )

بۆ هەر ڕەخنە و پێشنیارێك دەتوانن بەم ئیمەیلەی خوارەوە ئاگادارمان بکەنەوە
Govari.raha@gmail.com

دەستەی نووسەران

# فەزل و گەورەیی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت

**زنجیرەی (4)**




( فَعِلْمُ آدَمَ كَانَ سَبَبًا لَهُ فِي حُصُولِ السَّجْدَةِ وَالتَّحِيَّةِ، وَعِلْمُ الْخَضِرِ كَانَ سَبَبًا لِأَنْ وَجَدَ تِلْمِيذًا مِثْلَ مُوسَى وَيُوشَعَ عَلَيْهِمَا السَّلَامُ، وَعِلْمُ يُوسُفَ كَانَ سَبَبًا لِوِجْدَانِ الْأَهْلِ وَالْمَمْلَكَةِ، وَعِلْمُ دَاوُدَ كَانَ سَبَبًا لِوِجْدَانِ الرِّيَاسَةِ وَالدَّرَجَةِ، وَعِلْمُ سُلَيْمَانَ كَانَ سَبَبًا لِوِجْدَانِ بِلْقِيسَ وَالْغَلَبَةِ، وَعِلْمُ عِيسَى كَانَ سَبَبًا لِزَوَالِ التُّهْمَةِ عَنْ أُمِّهِ وَعِلْمُ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ سَبَبًا لِوُجُودِ الشَّفَاعَةِ )

ئیمامی ترمذی لە روونکردنەوەی ئەم باسەدا دەفەرمووێت ، وەك ئیمامی رازی لە تەفسیرەکەیدا لێی نەقل دەکات ( هەر پێغەمبەرێك بە ئەندازەی ئومەتەکەی خوای پەروەردگار زانستی پێ بەخشیوە کە هەر پێغەمبەرێك بۆ کاتێکی دیاریکراو بۆ گەلێکی دیاریکراو ڕەوانە کراوە ، هەروەك هەر ئەمیر و گەورەیەك بە ئەندازەی گەلەکەی و قەبارەی مەملەکەتەکەی پێویستی بە بودجە و ماڵە بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانیان ئەو کەسەی بۆ تەواوی مرۆڤ و پەرییەکان تا رۆژی دوایی ڕەوانەکرابێت بێگومان زانستەکەیشی دەبێت بە ئەندازەی تەواوی هەموو ئەوانە بێت بۆیە خوای پەروەردگار تایبەتی کردووە بە زانستی پێشینەکان و داهاتووەکان ( علم الاولين و الاخرين ) وە زانستێکی پێبەخشی بە کەسی نەبەخشی ، وە ڕەوانبێژییەکی پێ بەخشی بە کەسی نەبەخشی ( أعيط جوامع الكلم ) وە گەلەکەیشی بکاتە باشترین گەلان و پەیام و ریسالەکەشی دەست بەسەر تەواوی پەیام و پەڕاوی پێغەمبەران دابگرێت )


تفسير الرازي – مفاتيح الغيب أو تفسير الكبير ( 6 / 524 )

(قَالَ مُحَمَّدُ بْنُ عِيسَى الْحَكِيمُ التِّرْمِذِيُّ فِي تَقْرِيرِ هَذَا الْمَعْنَى: إِنَّ كُلَّ أَمِيرٍ فَإِنَّهُ تَكُونُ مُؤْنَتُهُ عَلَى قَدْرِ رَعِيَّتِهِ، فَالْأَمِيرُ الَّذِي تَكُونُ إِمَارَتُهُ عَلَى قَرْيَةٍ تَكُونُ مُؤْنَتُهُ بِقَدْرِ تِلْكَ الْقَرْيَةِ، وَمَنْ مَلَكَ الشَّرْقَ وَالْغَرْبَ احْتَاجَ إِلَى أَمْوَالٍ وَذَخَائِرَ أَكْثَرَ مِنْ أَمْوَالِ أَمِيرِ تِلْكَ الْقَرْيَةِ فَكَذَلِكَ كُلُّ رَسُولٍ بُعِثَ إِلَى قَوْمِهِ فَأُعْطِيَ مِنْ كُنُوزِ التَّوْحِيدِ وَجَوَاهِرِ الْمَعْرِفَةِ عَلَى قَدْرِ مَا حَمَلَ مِنَ الرِّسَالَةِ، فَالْمُرْسَلُ إِلَى قَوْمِهِ فِي طَرَفٍ مَخْصُوصٍ مِنَ الْأَرْضِ إِنَّمَا يُعْطَى مِنْ هَذِهِ الْكُنُوزِ الرُّوحَانِيَّةِ بِقَدْرِ ذَلِكَ الْمَوْضِعِ، وَالْمُرْسَلُ إِلَى كُلِّ أَهْلِ الشَّرْقِ وَالْغَرْبِ إِنْسِهِمْ وَجِنِّهِمْ لَا بُدَّ وَأَنْ يُعْطَى مِنَ الْمَعْرِفَةِ بِقَدْرِ مَا يُمْكِنُهُ أَنْ يَقُومَ بِسَعْيِهِ بِأُمُورِ أَهْلِ الشَّرْقِ وَالْغَرْبِ، وَإِذَا كَانَ كَذَلِكَ كَانَتْ نِسْبَةُ نُبُوَّةِ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَى نُبُوَّةِ سَائِرِ الْأَنْبِيَاءِ كَنِسْبَةِ كُلِّ الْمَشَارِقِ وَالْمَغَارِبِ إِلَى مُلْكِ بَعْضِ الْبِلَادِ الْمَخْصُوصَةِ، وَلَمَّا كَانَ كَذَلِكَ لَا جَرَمَ أُعْطِيَ مِنْ كُنُوزِ الْحِكْمَةِ وَالْعِلْمِ مَا لَمْ يُعْطَ أَحَدٌ قَبْلَهُ، فَلَا جَرَمَ بَلَغَ فِي الْعِلْمِ إِلَى الْحَدِّ الَّذِي لَمْ يَبْلُغْهُ أَحَدٌ مِنَ الْبَشَرِ قَالَ تَعَالَى فِي حَقِّهِ: فَأَوْحى إِلى عَبْدِهِ مَا أَوْحى [النَّجْمِ: 10] وَفِي الْفَصَاحَةِ إِلَى أَنْ قَالَ: «أُوتِيتُ جَوَامِعَ الْكَلِمِ» وَصَارَ كِتَابُهُ مُهَيْمِنًا عَلَى الْكُتُبِ وَصَارَتْ أُمَّتُهُ خَيْرَ الْأُمَمِ ) .

ئەگەر بوترێت خۆ زانستی پێغەمبەر ئادەم خودا فێری کردووە (وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلْأَسْمَاءَ ) بەڵام ماموستای زانستەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێ) حەزرەتی جبرایلە وەك قورئان دەفەرمووێت : (عَلَّمَهُ شَدِيدُ الْقُوَىٰ ) بێگومان جیاوازی زۆرە لە نێوان زانستێك ماموستاکەی خودا بێت لەگەل زانستێك ماموستاکەی فریشتەیەك بێت ، لە وەلامی ئەم پرسیارەدا زانای تەفسیرزان پێشەوا فەخرەدینی رازی دەفەرمووێت : لە راستیدا مامۆستای پێغەمبەر (درودی خوای لێبێ) هەر پەروەردگارە وە خۆی دەفەرمووێت (وَعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُن تَعْلَمُ وَكَانَ فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا ) و قال تعالى (الرَّحْمَٰنُ عَلَّمَ الْقُرْآنَ ) (الرحمن : 2 ) و قال تعالى لمحمد عليه السلام ( وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا ) (طه : 114 ) وە نیسبەتدانی هەندێك فێرکردن بۆ لای حەزرەتی جبریل مەبەست پێ راهێنان و تەلقینە ، ئەو نیسبەتە نیسبەتێکی مجازە وەك نیسبەتدانی گیان کێشان بۆ لای فریشتە (قُلْ يَتَوَفَّاكُم مَّلَكُ الْمَوْتِ ) وە لە راستیدا ئەوەی گیانی مرۆڤەکان دەکێشێت پەروەردگارە ( اللَّهُ يَتَوَفَّى الْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا ) (الزمر : 42 ) .

تفسير الرازي – مفاتيح الغيب أو تفسير الكبير ( 6 / 525 )

(فَإِنْ قِيلَ: إِنَّهُ تَعَالَى خَصَّ آدَمَ بِالْعِلْمِ، فَقَالَ: وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْماءَ كُلَّها [الْبَقَرَةِ: 31] وَأَمَّا مُحَمَّدٌ عَلَيْهِ السَّلَامُ فَقَالَ فِي حَقِّهِ: مَا كُنْتَ تَدْرِي مَا الْكِتابُ وَلَا الْإِيمانُ [الشُّورَى: 52] وَقَالَ: وَوَجَدَكَ ضَالًّا فَهَدى [الضُّحَى: 7] وَأَيْضًا فَمُعَلِّمُ آدَمَ هُوَ اللَّهُ تَعَالَى، قَالَ: وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْماءَ وَمُعَلِّمُ مُحَمَّدٍ عَلَيْهِ السَّلَامُ جِبْرِيلُعَلَيْهِ السَّلَامُ لِقَوْلِهِ: عَلَّمَهُ شَدِيدُ الْقُوى [النَّجْمِ: 5] .




وَالْجَوَابُ : أَنَّهُ تَعَالَى قَالَ فِي عِلْمِ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: وَعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُنْ تَعْلَمُ وَكانَ فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكَ عَظِيماً [النِّسَاءِ: 113] وَقَالَ عَلَيْهِ السَّلَامُ: «أَدَّبَنِي رَبِّي فَأَحْسَنَ تَأْدِيبِي» وَقَالَ تَعَالَى: الرَّحْمنُ عَلَّمَ الْقُرْآنَ [الرَّحْمَنِ: 2] وَكَانَ عَلَيْهِ السَّلَامُ يَقُولُ: (أَرِنَا الْأَشْيَاءَ كَمَا هِيَ) وَقَالَ تَعَالَى لِمُحَمَّدٍ عَلَيْهِ السَّلَامُ: وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْماً [طه: 114] وَأَمَّا الْجَمْعُ بَيْنَهُ وبين قوله تعالى: عَلَّمَهُ شَدِيدُ الْقُوى فَذَاكَ بِحَسَبِ التَّلْقِينِ، وَأَمَّا التَّعْلِيمُ فَمِنَ اللَّهِ تَعَالَى، كَمَا أَنَّهُ تَعَالَى قَالَ: قُلْ يَتَوَفَّاكُمْ مَلَكُ الْمَوْتِ [السَّجْدَةِ: 11] ثُمَّ قَالَ تَعَالَى: اللَّهُ يَتَوَفَّى الْأَنْفُسَ حِينَ مَوْتِها [الزُّمَرِ: 42] . ئەم ئایەتە پیرۆزەی قورئان (وَعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُن تَعْلَمُ وَكَانَ فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا) ( النساء : 113 ) باسی گەورەیی و عەزەمەتی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێ) ئەکات چونکە لە کۆتایی ئایەتەکە ئەفەرمووێت ( وَكَانَ فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا ) کەواتە هەر چۆن وەصفی ڕەوشتەکانی کردووە بە عەزیم و بە بەرز بە هەمان شێوەش وەصفی قوەتتی عەقلی و نەزەری و تێڕامانی کردووە بە گەورە و عەزیم . تفسير الرازي – مفاتيح الغيب أو تفسير الكبير ( 30 / 602 ) (إِنَّ اللَّه تَعَالَى وَصَفَ مَا يَرْجِعُ إِلَى قُوَّتِهِ النَّظَرِيَّةِ بِأَنَّهُ عَظِيمٌ، فَقَالَ: وَعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُنْ تَعْلَمُ وَكانَ فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكَ عَظِيماً [النِّسَاءِ: 113] وَوَصَفَ ما يرجع إلى قوته العلمية بِأَنَّهُ عَظِيمٌ فَقَالَ: وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ فَلَمْ يَبْقَ لِلْإِنْسَانِ بَعْدَ هَاتَيْنِ الْقُوَّتَيْنِ شَيْءٌ ) کەواتە زاناترین کەس لەناو دروستکراوەکانی خودا پیغەمبەرە (درودی خوای لێبێ) وە ئاشناترین کەسە بە گەورەیی پەروەردگار بە بەڵگەی ئەم فەرموودە صحیحەی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێ) کە ئیمامی بخاری ریوایەتی دەکات لە ژێر ناونیشانی ( باب قول النبي (صلى الله عليه وسلم) (أَنَا أَعْلَمُكُمْ بِاللَّهِ وَأَنَّ الْمَعْرِفَةَ فِعْلُ الْقَلْبِ ) عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا أَمَرَهُمْ أَمَرَهُمْ مِنْ الْأَعْمَالِ بِمَا يُطِيقُونَ قَالُوا إِنَّا لَسْنَا كَهَيْئَتِكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ قَدْ غَفَرَ لَكَ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ فَيَغْضَبُ حَتَّي يُعْرَفَ الْغَضَبُ فِي وَجْهِهِ ثُمَّ يَقُولُ إِنَّ أَتْقَاكُمْ وَأَعْلَمَكُمْ بِاللَّهِ أَنَا ) بەلگەیەکیتر لەسەر فراوانی زانستی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێ) ئەم فەرموودەیە کە ئیمامی ترمژی و ئیمامی أحمد ریوایەتیان کردووە و ئیمامی بخاریش بە صحیحی داناوە : (أَنَّ مُعَاذَ بْنَ جَبَلٍ قَالَ: احْتَبَسَ عَلَيْنَا رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ذَاتَ غَدَاةٍ عَنْ صَلَاةِ الصُّبْحِ حَتَّي كِدْنَا نَتَرَاءَى قَرْنَ الشَّمْسِ، فَخَرَجَ رَسُولُ اللهِ صَلَّي اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سَرِيعًا، فَثُوِّبَ بِالصَّلَاةِ وَصَلَّي وَتَجَوَّزَ فِي صَلَاتِهِ فَلَمَّا سَلَّمَ. قَالَ: " كَمَا أَنْتُمْ عَلَى مَصَافِّكُمْ كَمَا أَنْتُمْ (2) ". ثُمَّ أَقْبَلَ إِلَيْنَا. فَقَالَ: " إِنِّي سَأُحَدِّثُكُمْ مَا حَبَسَنِي عَنْكُمُ الْغَدَاةَ إِنِّي قُمْتُ مِنَ اللَّيْلِ، فَصَلَّيْتُ مَا قُدِّرَ لِي فَنَعَسْتُ فِي صَلَاتِي حَتَّى اسْتَيْقَظْتُ،فَإِذَا أَنَا بِرَبِّي فِي أَحْسَنِ صُورَةٍ. فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ أَتَدْرِي فِيمَ يَخْتَصِمُ الْمَلَأُ الْأَعْلَى؟ قُلْتُ: لَا أَدْرِي يَا رَبِّ. قَالَ: يَا مُحَمَّدُ فِيمَ يَخْتَصِمُ الْمَلَأُ الْأَعْلَى؟ قُلْتُ: لَا أَدْرِي رَبِّ، قَالَ: يَا مُحَمَّدُ فِيمَ يَخْتَصِمُ الْمَلَأُ الْأَعْلَى؟ قُلْتُ: لَا أَدْرِي يا رَبِّ (1) ، فَرَأَيْتُهُ وَضَعَ كَفَّهُ بَيْنَ كَتِفَيَّ حَتَّى وَجَدْتُ بَرْدَ أَنَامِلِهِ بَيْنَ صَدْرِي فَتَجَلَّى لِي كُلُّ شَيْءٍ وَعَرَفْتُ فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ فِيمَ يَخْتَصِمُ الْمَلَأُ الْأَعْلَى؟ قُلْتُ: فِي الْكَفَّارَاتِ. قَالَ: وَمَا الْكَفَّارَاتُ؟ قُلْتُ: نَقْلُ الْأَقْدَامِ إِلَى الْجُمُعَاتِ، وَجُلُوسٌ فِي الْمَسَاجِدِ بَعْدَ الصَّلَوَاتِ، (2) وَإِسْبَاغُ الْوُضُوءِ عِنْدَ الْكَرِيهَاتِ. قَالَ: وَمَا الدَّرَجَاتُ؟ قُلْتُ: إِطْعَامُ الطَّعَامِ، وَلِينُ الْكَلَامِ، وَالصَّلَاةُ وَالنَّاسُ نِيَامٌ. قَالَ: سَلْ. قُلْتُ: اللهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ فِعْلَ الْخَيْرَاتِ وَتَرْكَ الْمُنْكَرَاتِ، وَحُبَّ الْمَسَاكِينِ، وَأَنْ تَغْفِرَ لِي وَتَرْحَمَنِي، وَإِذَا أَرَدْتَ فِتْنَةً فِي قَوْمٍ فَتَوَفَّنِي غَيْرَ مَفْتُونٍ، وَأَسْأَلُكَ حُبَّكَ وَحُبَّ مَنْ يُحِبُّكَ وَحُبَّ عَمَلٍ يُقَرِّبُنِي إِلَى حُبِّكَ ". وَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " إِنَّهَا حَقٌّ فَادْرُسُوهَا وَتَعَلَّمُوهَا )

هەروەها خوای پەروەردگار ئاشنای کردووە بە هەندێك لە زانستە غەیبیەکان(عَالِمُ الْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَى غَيْبِهِ أَحَدًا (26) إِلَّا مَنِ ارْتَضَى مِنْ رَسُولٍ فَإِنَّهُ يَسْلُكُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ رَصَدًا (27) ( الجن : 26 – 27 ) ئێمە کە دەلێین پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێبێ) غەیب دەزانێت ناڵێین بەخۆی دەزانێت بەڵکو خوای پەروەردگار فێری کردووە ، وە ئەم قسەیە هیچ ناکۆك نییە لەگەل ئەم ئایەتە پیرۆزەدا کە دەفەرمووێت (وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ) ( لقمان : 34 )

واته ئەی خۆشەویست (درودی خوای لێبێ) تۆ نازانیت لە چ خاکێکدا کۆچی دوایی دەکەیت بەڵام پاشان خوای پەروەردگار ئاگاداری کردۆتەوە لە چ خاکێك کۆچ دەکات ئەوە بووە مزگێنی بە یاریدەدەراندا ( الانصار ) کە ژیانی مردنی لەگەل ئەوان دایە ( المحيا محياكم و الممات مماتكم ) قال الامام النووي : (فَمَعْنَاهُ أَنِّي هَاجَرْتُ إِلَى اللَّهِ وَإِلَى دِيَارِكُمْ لِاسْتِيطَانِهَا فَلَا أَتْرُكُهَا وَلَا أَرْجِعُ عَنْ هِجْرَتِي الْوَاقِعَةِ لِلَّهِ تَعَالَى بَلْ أَنَا مُلَازِمٌ لَكُمْ الْمَحْيَا مَحْيَاكُمْ وَالْمَمَاتُ مَمَاتُكُمْ أَيْ لَا أحي إِلَّا عِنْدَكُمْ وَلَا أَمُوتُ إِلَّا عِنْدَكُمْ وَهَذَا أَيْضًا مِنَ الْمُعْجِزَاتِ ) وەکاتێك معاژی کوری جەبەلی بەرێ کرد

وە لە فەرموودەیەکیتردا کە ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی دەکات بە ڕاشکاوی ڕایدەگەینێت کە خوای پەروەردگار کلیلی خەزێنەکانی بەهەشتی پێداوە صحيح البخاري ( 5 / 103 ) برقم ( 4085 ) : (عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ أَنَّ النَّبِيَّ صلي الله عليه وسلم خَرَجَ يَوْمًا فَصَلَّى عَلَى أَهْلِ أُحُدٍ صَلاَتَهُ عَلَى الْمَيِّتِ ثُمَّ انْصَرَفَ إِلَى الْمِنْبَرِ فَقَالَ إِنِّي فَرَطٌ لَكُمْ وَأَنَا شَهِيدٌ عَلَيْكُمْ وَإِنِّي وَاللَّهِ لأَنْظُرُ إِلَى حَوْضِي الآنَ وَإِنِّي أُعْطِيتُ مَفَاتِيحَ خَزَائِنِ الأَرْضِ ، أَوْ مَفَاتِيحَ الأَرْضِ – وَإِنِّي وَاللَّهِ مَا أَخَافُ عَلَيْكُمْ أَنْ تُشْرِكُوا بَعْدِي وَلَكِنْ أَخَافُ عَلَيْكُمْ أَنْ تَنَافَسُوا فِيهَا. ) بەڵكو خوای پەروەردگار زانستی ژمارەی بەهەشتیەکان ناوەکانیان و ئەوانەی

مِنْ الْعِبَادِ ثُمَّ قَالَ بِالْيُمْنَى فَنَبَذَ بِهَا فَقَالَ فَرِيقٌ فِي الْجَنَّةِ وَنَبَذَ بِالْيُسْرَى فَقَالَ فَرِيقٌ فِي السَّعِيرِ ) بێگومان ئەو پەرتووکە پەرتووکێکی غەیبییە بەلام خوای پەروەردگار لە شێوەی دوو پەرتووکی حسی نیشان داون تا هاوەڵەکان بیان بینیت چۆن فریشتە لە جیهانی غەیبە بەڵام لە شێوەی مرۆڤ خۆیان نیشانی هاوەڵان داوە بە بەڵگەی ئەوەی ئەو دوو پەرتووکە ناوی هەموو بەهەشتییەك و دۆزەخییەکی نتدا جێ بۆتەوە ، لەگەل هەموو ئەمانەشدا پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێبێ) هەمیشە دەپاراییەوە کە خوای پەروەردگار زانستی زیاد بکات (وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا ) بەلکو



بۆ ولاتی یەمەن روو لە مزگەوتەکەی خۆی کرد و فەرمووی ( بَعَثَنِي رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَى الْيَمَنِ فَقَالَ: " لَعَلَّكَ أَنْ تَمُرَّ بِقَبْرِي وَمَسْجِدِي ) وە پێشەوایان بوخاری و موسلیم بۆمان دەگێرنەوە ( عَنْ أَنَسٍ ، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ، سَأَلُوا رَسُولَ اللهِ صلى الله عليه وسلم حَتَّى أَحْفَوْهُ الْمَسْأَلَةَ فَغَضِبَ فَصَعِدَ الْمِنْبَرَ فَقَالَ : لاَ تَسْأَلُونِي الْيَوْمَ عَنْ شَيْءٍ إِلاَّ بَيَّنْتُهُ لَكُمْ فَجَعَلْتُ أَنْظُرُ يَمِينًا وَشِمَالاً فَإِذَا كُلُّ رَجُلٍ لاَفٌّ رَأْسَهُ فِي ثَوْبِهِ يَبْكِي فَإِذَا رَجُلٌ كَانَ إِذَا لاَحَى الرِّجَالَ يُدْعَى لِغَيْرِ أَبِيهِ فَقَالَ يَا رَسُولَ اللهِ مَنْ أَبِي قَالَ حُذَافَةُ ثُمَّ أَنْشَأَ عُمَرُ فَقَالَ رَضِينَا بِاللَّهِ رَبًّا وَبِالإِسْلاَمِ دِينًا وَبِمُحَمَّدٍ صلى الله عليه وسلم رَسُولاً نَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الْفِتَنِ ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صلى الله عليه وسلم مَا رَأَيْتُ فِي الْخَيْرِ وَالشَّرِّ كَالْيَوْمِ قَطُّ إِنَّهُ صُوِّرَتْ لِي الْجَنَّةُ وَالنَّارُ حَتَّى رَأَيْتُهُمَا وَرَاءَ الْحَائِطِ ، وَكَانَ قَتَادَةُ يَذْكُرُ عِنْدَ الْحَدِيثِ هَذِهِ الآيَةَ {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ تَسْأَلُوا عَنْ أَشْيَاءَ إِنْ تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ ) ( المائدة : 101 )

کە شایستەی دۆزەخن فێرکردووە ، مسند أحمد ط الرسالة ( 11 / 122 ) (عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو عَنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ خَرَجَ عَلَيْنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَفِي يَدِهِ كِتَابَانِ فَقَالَ أَتَدْرُونَ مَا هَذَانِ الْكِتَابَانِ قَالَ قُلْنَا لَا إِلَّا أَنْ تُخْبِرَنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ لِلَّذِي فِي يَدِهِ الْيُمْنَى هَذَا كِتَابٌ مِنْ رَبِّ الْعَالَمِينَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى بِأَسْمَاءِ أَهْلِ الْجَنَّةِ وَأَسْمَاءِ آبَائِهِمْ وَقَبَائِلِهِمْ ثُمَّ أُجْمِلَ عَلَى آخِرِهِمْ لَا يُزَادُ فِيهِمْ وَلَا يُنْقَصُ مِنْهُمْ أَبَدًا ثُمَّ قَالَ لِلَّذِي فِي يَسَارِهِ هَذَا كِتَابُ أَهْلِ النَّارِ بِأَسْمَائِهِمْ وَأَسْمَاءِ آبَائِهِمْ وَقَبَائِلِهِمْ ثُمَّ أُجْمِلَ عَلَى آخِرِهِمْ لَا يُزَادُ فِيهِمْ وَلَا يُنْقَصُ مِنْهُمْ أَبَدًا فَقَالَ أَصْحَابُ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَلِأَيِّ شَيْءٍ إِذَنْ نَعْمَلُ إِنْ كَانَ هَذَا أَمْرًا قَدْ فُرِغَ مِنْهُ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سَدِّدُوا وَقَارِبُوا فَإِنَّ صَاحِبَ الْجَنَّةِ يُخْتَمُ لَهُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ وَإِنْ عَمِلَ أَيَّ عَمَلٍ وَإِنَّ صَاحِبَ النَّارِ لَيُخْتَمُ لَهُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ وَإِنْ عَمِلَ أَيَّ عَمَلٍ ثُمَّ قَالَ بِيَدِهِ فَقَبَضَهَا ثُمَّ قَالَ فَرَغَ رَبُّكُمْ عَزَّ وَجَلَّ

داوای زیاد بوونی هیچ شتێکی نەکردووە زانست نەبێت بەلکو بەیانی ئێواران دەپاراییەوە (اللهم زِدْنِي عِلْمًا إذهديتني) كما في صحيح مسلم وغيره وروى الترمذي و ابن ماجه بسند حسن عن أبي هريرة قال : (قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ اللَّهُمَّ انْفَعْنِي بِمَا عَلَّمْتَنِي وَعَلِّمْنِي مَا يَنْفَعُنِي وَزِدْنِي عِلْمًا الْحَمْدُ لِلَّهِ عَلَى كُلِّ حَالٍ) بەلکو لە هەندێك لە فەرموودەکانی وەردەگیرێت کە هەموو رۆژێك زانستی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێ) لە گەشەکردن دابووە وەکو لە صحیحی مسلم دا هاتووە (عَنْ عِيَاضِ بْنِ حِمَارٍ الْمُجَاشِعِيِّ ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، قَالَ ذَاتَ يَوْمٍ فِي خُطْبَتِهِ : أَلاَ إِنَّ رَبِّي أَمَرَنِي أَنْ أُعَلِّمَكُمْ مَا جَهِلْتُمْ ، مِمَّا عَلَّمَنِي يَوْمِي هَذَا ، كُلُّ مَالٍ نَحَلْتُهُ عَبْدًا حَلاَلٌ ، وَإِنِّي خَلَقْتُ عِبَادِي حُنَفَاءَ كُلَّهُمْ )

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەر ڕۆژێك خوای پەروەردگار جۆرە زانستێکی بۆ زیاد کردووە فەرمانی پێ کردووە کە بە هاوەڵانی ڕابگەیێنێت ئەوەندەی توانای وەرگرتنیان هەیە و پێویستیان پێیە. وەنەبێ هیچ کەس بتوانێت پەی بە زانستە بێ پایانەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێ) ببات چەندە و چۆنە تەنها پەروەردگار نەبێت کە خۆی پێی بەخشیوە بەلام لێرەدا ئێمە چەند بەڵگەیەك دەخەینە ڕوو لە سەر فراوانی و زۆری زانستەکەی بۆ




دەرخستنی گۆشەیەکی کە لە گەورەیی ئەو پێغەمبەرە تا ئیماندار گەورەیی ئەو سەردارە تا زیاتر لە دلیدا دروست بێت بێ ئاگا و نەزانەکانیش فێر ببن و بە ئاگا بێنەوە ئەو بەڵگانەش بەڵگەی یەکەم : ئەم قورئانەی کە کرایە خەڵاتی خوای پەروەردگار فێری ئەم پێغەمبەری (درودی خوای لێبێ) کرد بێ ئەوەی هیچ پێشینەیەکی کە خوێندن و خوێندەواریدا هەبێت وە لە سینەی پیرۆزی دا کۆی کردەووە بۆی ڕوون کردەوە و فەرمانی پێ کرد کە بۆ گەلەکەی ڕوون بکاتەوە وە پەردە لەسەر تەواوی ئەنوار و نهێنییەکان و ڕاستیەکانی بۆ لادا ( إقراء باسم ربك الّذي خلق) ئەم پێنج ئایەتە دەستپێکی دابەزینی قورئان بۆی کما ورد في الصحيحين (أَنَّ عَائِشَةَ ، زَوْجَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَخْبَرَتْهُ أَنَّهَا قَالَتْ : كَانَ أَوَّلُ مَا بُدِئَ بِهِ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنَ الْوَحْيِ الرُّؤْيَا الصَّادِقَةَ فِي النَّوْمِ ، فَكَانَ لاَ يَرَى رُؤْيَا إِلاَّ جَاءَتْ مِثْلَ فَلَقِ الصُّبْحِ ، ثُمَّ حُبِّبَ إِلَيْهِ الْخَلاَءُ ، فَكَانَ يَخْلُو بِغَارِ حِرَاءٍ يَتَحَنَّثُ فِيهِ ، وَهُوَ التَّعَبُّدُ ، اللَّيَالِيَ أُوْلاَتِ الْعَدَدِ ، قَبْلَ أَنْ يَرْجِعَ إِلَى أَهْلِهِ وَيَتَزَوَّدُ لِذَلِكَ ، ثُمَّ يَرْجِعُ إِلَى خَدِيجَةَ فَيَتَزَوَّدُ لِمِثْلِهَا ، حَتَّى فَجِئَهُ الْحَقُّ وَهُوَ فِي غَارِ حِرَاءٍ ، فَجَاءَهُ الْمَلَكُ ، فَقَالَ : اقْرَأْ ، قَالَ : مَا أَنَا بِقَارِئٍ ، قَالَ : فَأَخَذَنِي ، فَغَطَّنِي حَتَّى بَلَغَ مِنِّي الْجَهْدَ ، ثُمَّ أَرْسَلَنِي ، فَقَالَ : اقْرَأْ ، قَالَ : قُلْتُ : مَا أَنَا بِقَارِئٍ ، قَالَ : فَأَخَذَنِي ، فَغَطَّنِي الثَّانِيَةَ حَتَّى بَلَغَ مِنِّي الْجَهْدَ ، ثُمَّ أَرْسَلَنِي ، فَقَالَ : أَقْرَأْ ، فَقُلْتُ : مَا أَنَا بِقَارِئٍ ، فَأَخَذَنِي ، فَغَطَّنِي الثَّالِثَةَ حَتَّى بَلَغَ مِنِّي الْجَهْدَ ، ثُمَّ أَرْسَلَنِي ، فَقَالَ : {اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ خَلَقَ الإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ اقْرَأْ وَرَبُّكَ الأَكْرَمُ الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ عَلَّمَ الإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ} ، فَرَجَعَ بِهَا رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَرْجُفُ بَوَادِرُهُ ) ، بە یەك باوەش کردنی حەزرەتی جبریل بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لێبێ) خوای پەروەردگار ئەم پێغەمبەرەی (درودی خوای لێبێ) کردە زانا و خاوەن ئەم پەراوە پر لە ئیعجازە کە ئەمە روونترین بەڵگەیە کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێبێ) لە خۆیەوە قسەی نەکردووە بەڵکو لە لایەن پەروەردگار بۆ ڕەوانە کراوە (قُل لَّوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَا تَلَوۡتُهُۥ عَلَيۡكُمۡ وَلَآ أَدۡرَىٰكُم بِهِۦۖ فَقَدۡ لَبِثۡتُ فِيكُمۡ عُمُرٗا مِّن قَبۡلِهِۦٓۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ) (یونس : 16) چونکە هەر کەسێك سەرنجی بدات تێدەگات کە کاری ئەم پێغەمبەرە (درودی خوای لێبێ) ئەوە نیە کە ژیری و زیرەکی و لێهاتوویی بێت بەڵکو ڕاستییەکە کە ئەویش نیگا و سروش و وەحییە لە لایەن خواوە. بۆیە قورئانی پیرۆز هەموو ئەو گومانانە پوچەڵ دەکاتەوە کە بێ باوەڕان هەیانە بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێ) کە دەیانویست ئەم نوور و قورئان و زانستە وەکو ڕۆشنبیریەك و زیرەکی و بلیمەتی کەسایەتیەك وێنای کەن بۆ ئەوەی وەصفی پێغەمبەرایەتی و نبوەتی لێ دارنن، ئەم هەموو گومانانەی پوچەڵ کردەوە بەوەی کە پێغەمبەر (درودی خوای لێبێ) خۆ نەخوێندەوار بووە چل ساڵ لە ناو ئێوە دابوو نە نوسین و نە خوێندنەوەیەکی نەبوو بەڵکو هیچ مامۆستایەکیشی نەبووە (وَمَا كُنتَ تَتۡلُواْ مِن قَبۡلِهِۦ مِن كِتَٰبٖ وَلَا تَخُطُّهُۥ بِيَمِينِكَۖ إِذٗا لَّٱرۡتَابَ ٱلۡمُبۡطِلُونَ) (العنكبوت : 48). پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێبێ) بۆخۆی ئەم قورئانەی هەڵنەبەستووە چونکە تەواوی مرۆڤ و پەری کۆ ببنەوە ناتوانن وەکو سورەتێکی بچووکی ئەم قورئانە بهێنن بەڵکو ئەم قورئانە تەنها فەرمایشتی پەروەردگارە پێغەمبەریش تەنها ڕەوانەکراوی خوایە بۆ ئەم مەبەستەش خوای پەروەردگار ئەم قورئانەی فێر کردووە بۆ ئەوەی ڕای بگەیێنێت ( الرَّحۡمَٰنُ عَلَّمَ ٱلۡقُرۡءَانَ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ عَلَّمَهُ ٱلۡبَيَانَ) ( الرحمن 1-4) کە خوای پەروەردگار چۆن قورئانەکەی فێر کردووە بە هەمان شێوەش بەیانەکەشی فێر کردووە کە بریتیە لە حوکم و حیکمەت و ئەسرار و زانست و ئەنوار و مەعارفەکانی ( ا تُحَرِّكۡ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعۡجَلَ بِهِۦٓ إِنَّ عَلَيۡنَا جَمۡعَهُۥ وَقُرۡءَانَهُۥ فَإِذَا قَرَأۡنَٰهُ فَٱتَّبِعۡ قُرۡءَانَهُۥ ثُمَّ إِنَّ عَلَيۡنَا بَيَانَهُۥ) (القيامة 16-19) لەوانەش تایبەتمەندی و خصائص ی سورەت و ئایەتەکان وەکو تایبەتمەندی ئایەتەکانی کۆتایی سورەتی (البقره)



د.ابراهیم هەرشەلی

# لیوا فەخرەددین پاشا و شاری مەدینە



ناوبانگی لەلای خەڵك ( پڵنگی بیابان ) بوو ، سەرکردەیەکی خەلافەتی عوسمانی بوو ، لە ساڵی ١٩١٦ داوای لێکرا بچێتە شاری ( مەدینە ) و بەرگری لەو شارە بکات لە هێرشی ئال سعود کە بەریتانیەکان هاوکاریان دەکردن . لە ٣١ - ٥ - ١٩١٦ گەیشتە مەدینە و زۆر خۆشحاڵ بوو ، چونکە گەیشت بوو بە نازدارەکەی حەزرەتی خۆشەویست ( صل الله علیه وسلم ) بە جۆرێك خەندە لەسەر لیوانی لا نەدەچوو، هەموو ڕۆژێك بەیانی و ئێوارە دەچووە لای خۆشەویست ( صل الله علیه وسلم ) و میوانی ئەو دەبوو لە خزمەت مەرقەدی موبارەکی دا .
بارودۆخی جەنگی جیهانی یەکەم و بەستانی پەیمان لە نێوان ئال سعود و فتوای تەکفیر کردنی زانا وەهابیەکان و دروستی هاوپەیمانی کردن لەگەڵ بەریتانیا ، وای لە هەندێ خەڵك کرد لەگەڵیان بن ، بەڵام نەیانتوانی خەڵك بە گشتی ڕازی بکەن ، بۆیە داوای هاوکاریان کرد لە بەریتانیا و بە ڕاستەوخۆ دەیانگوت : کافرەکانی بەریتانیا چاکترن لەو موسڵمانانەی لەسەر چوار مەزهەبەکە دەڕۆن . بۆیە بە هاوکاری بەریتانیا توانیان ( مەککە ) بگرن و ناوە ناوە هێرشیان دەکرد بۆ مەدینە . ئەوەندە یارمەتی بەریتانیا زۆر بوو ناچار هێزی عوسمانیەکان کشانەوە لە حیجاز ، تەنیا هیزی " فەخرەدین پاشا " مایەوە کە ١٥ هەزار چەکداری لەگەڵ بوو ، کاتێ زانی موفتیەکانی وەهابیەت تەنیا دەیانەوێت سعودیە بگرن و چارەنوسی موسڵمانان گرنگ نیە ، تەنانەت ئەگەر کافرەکانیش بهێنن پییان دروستە ! ، ئیدی ئەوە سیاسەتە و خەڵکی ئاسایی نازانن ، بۆیە دەستی کرد بە گواستنەوەی خێزانەکان بە شەمەندەفەر بۆ شاری دیمەشق و ئەستەنبوڵ ، کاتێ سەیری کرد کە موفتیە وەهابیەکان تەنیا نۆکەری ئال سعود دەکەن و بە ئاسانی بە فەرمانی ئینگلیز هەموو ئاسەوارەکانی خۆشەویست ( صل الله علیه وسلم ) لەناو دەبەن ، بە کوڵ دەستی بە گریان کرد و دەستی کرد بە گواستنەوەی ئەو ئاسەوارانە و توانی زۆربەی بگوازێتەوە و لە دەستیان ڕزگاری کرد . بەڵام بەریتانیا ترسا لەوەی ئەو ئاسەوارانە پەیوەندی رۆحی لەگەڵ موسڵمانان بمێنێت ، ناچار هەڵسا بە هۆی سیخورەکەیەوە کە ناوی " لۆرنس "بوو هاوشان لەگەڵ ئال سعود هێلی شەمەندەفەریان تەقاندنەوە ، بۆیە پەیوەندی لەگەڵ ئەستەنبوڵ کرد کە هاوکاریان بۆ بنێرن، بەڵام عوسمانیەکان بەهۆی بارودۆخی ناهەمواریان کە بەرامبەر هاوپەیمانان لەشەردا بەسەریان داهات بوو هیچیان پی نەدەکرا ، ناچار دەولەتی عوسمانی و " ئەنوەر پاشا " بڕیاریان دا کە بکشێتەوە لە مەدینە و ئەو شارە چۆڵ بکرێ و بدریتە دەست بەریتانیا و ئال سعود ، بۆیە نامەیەکیان نارد بۆ فەخرەدین پاشا کە بگەڕێتەوە . فەخرەدین پاشا زۆر پاڕایەوە کە وازی لیبهێنن تەنیا تۆزێك کۆمەکی بکەن بۆ ئەوەی پارێزگاری لە مەدینە بکات ، بەڵام تا دەهات دەوڵەتی عوسمانی بارودۆخی خراپ دەبوو ، ئەوە بوو لە مانگی ١٠ ی ١٩١٨ پەیماننامەی ( موندروس )ی واژوو کرد کە مەرجی سەرەکی ئەوە بوو کە عوسمانیەکان لە مەککە و مەدینە و حیجاز بکشێنەوە و بیدەن بە دەست وەهابیەکان .
دوای تەواو بونی جەنگی جیهانی یەکەم فەرمان درا بە فەخرەدین پاشا لە شاری مەدینە بکشێتەوە و تەسلیم بە هاوپەیمانان و ئال سعودی بکا ، بەلام فەخرەدین پاشا پەیمانامەکەی شکاند و بەرگری کرد لە شارەکە . ناچار سەدری ئەعزەم ( ئەحمەد عیزەت پاشا ) بە گریانەوە نامەیەکی بۆ نوسی ، کە ناچارە پابەند بن بە ریکەوتنامەکە .

بەڵام فەخرەدین پاشا وەڵامی نارد و تیایدا گوتی : " گەورەم مەحاڵە شاری پێغەمبەر ( صل الله علیە وسلم ) بە قسەیەکی سانا ڕادەست بە دوژمانان بکەم ، ئەو شارە وەکو هیچ شارێك نیە ، دەبێ نامەی خەلیفەم بۆ بێت تاکو دەست بەرداری بم " خۆ دیار بوو فەخرەدین پاشا تەنیا لە مەهانەیەك دەگەڕا کە شاری مەدینەی ئازیز تەسلیم بە دوژمنان و ئال سعودی نۆکەر نەکا ، بۆیە ئال سعود کاتێ زانی ناتوانێ دەست بگرێ بەسەر مەدینە و عەقیدەکەی بڵاو بکاتەوە و ئەوانەی لەگەڵین تەنیا گەنجانی ١٧ ساڵ و کەم زانن ، ناچار فشارەکانی زیاد کرد بۆ سەپاندنی پەیماننامەکە و نامەیەکیان بۆ دەولەتی عوسمانی نارد و ئەوانیش بۆ فەخرەدین پاشایان نارد کە وازبهێنێت . فەخرەدین پاشا کاتێ نامەکەی بەدەست گەیشت گوتی : " ئێستا خەلیفە بە دیل دەژمێردرێ و لەژێر دەست هاوپەیمانانە ، بۆیە ئیرادەی سەربەخۆی نیە و بڕیارەکە ڕەت دەکەمەوە . ئەوەبوو بارودۆخ لە مەدینە زۆر خراپ بوو ، خواردن لە شاری مەدینە کەمی کرد ، داودەرمان بە دەست نەدەکەوت ، نەخۆشی لەناو سەربازان و خەلکی شار بڵاوبویەوە ، ناچار ئەفسەرەکانی کۆکردەوە کە چی بکەن ؟!

لە ڕەوزەی شەریفی مزگەوتی خۆشەویست ( صل الله علیە وسلم ) کۆبونەوە و نوێژی نیوەڕۆیان لە خزمەت خۆشەویست ( صل الله علیە وسلم ) کرد و فەخرەدین پاشا چووە سەر مینبەر و ئاڵای دەوڵەتی عوسمانی لەسەر شانی بوو گوتی : " بەهیچ شێوەیەك شاری پێغەمبەری خودا ( صل الله علیە وسلم ) تەسلیم بە ئینگلیز و نۆکەرەکانی ناکەین ! هەموو خەڵکی مەدینە دەستیان بە گریان کرد و هاواریان لێ هەڵئەسا



، پیاوێکی خەڵکی مەدینە باوەشی پێداگرت و گوتی : لە ئێستا بە دواوە تۆ کەسێکی مەدینەیت ! بەڵام بەرگری کردن سودی نەبوو ، بۆیە لە پاش فشارێکی زۆر فەخرەدین پاشا ڕازی بوو خۆیان بدەن بە دەستەوە ، لە دوا ڕۆژ دا فەخرەدین پاشا چووە ژورەکەی خۆی کە لەتەك خۆشەویست ( صل الله علیە وسلم ) بوو ، کە چونە لای گوتی : ئێوە بڕۆن و من لێرە دەمێنمەوە ! ئەفسەرەکان بەگریانەوە نەیاندەزانی چی بکەن، چونکە دەیانزانی موفتیەکانی وەهابی بە فەرمانی ئینگلیز بە ئاسانی فتوای کوشتنی دەدەن و دەیکوژن ، بۆیە بە زۆر ناچاریان کرد لەگەڵیان بڕوات . لە ڕۆژی ١٠ - ٩ - ١٩١٩ ، هێزەکانی عوسمانی هەموو ڕیز بوون بەرامبەر ڕەوزەی موبارەکی خۆشەویست ( صل الله علیە وسلم ) سەربازەکان یەکە بە یەکە دەچونە ناو مزگەوت و خواحافیزیان لە ئازیزەکەیان دەکرد و دەیاندا دەست بەریتانیا و نۆکەرەکانیان کە ئال سعود بوون ، بۆیە یەکە یەکە چوونە ژورەوەو بە چاوی پڕ لە گریانەوە دەهاتنە دەرەوە و گریان ئاسمانی داگرت بوو

چونکە ئیدی ئازیزەکەیان نابیننەوە و ماڵئاوایی یەکجاریە . ئەم دیمەنە هەموو شاری کرد بە ماتەمنشین و دەنگ و سەدای الوداع لە هەموو لایەك بەرز دەبویەوە تەنانەت سەربازانی ئال سعودیش هەندێکیان کە تۆزێك ئیمان لە دڵیان مابوو فرمێسك بە چاویان دەهاتە خوارەوە . فەخرەدین پاشا کاتێ لە شار هاتە دەرەوە لای کردەوە بە لای خۆشەویست ( صل الله علیە وسلم ) و گوتی : ماڵئاوا خۆشەویستم ماڵئاوا ، پاشان دەستی بە گریان کرد کە هەموویان ئەیانبینی چۆن هەنسکی گریانی بە هەموو لایەك دەڕۆیشت . هێزەکانی عوسمانی گواسترانەوە بەندەری ( ینبع ) و لەوێشەوە بەرەو ئەستەنبوڵ ڕەوانەکران ، ئەوە بوو لە ١٣ - ١ - ١٩١٩ ئال سعود و وەهابیەکان هاتنە ناو شاری مەدینە و دەسەڵاتی خەلافەتی عوسمانی بۆ هەتا هەتایە کۆتایی هات لە شاری ئازیزی جانان ، ڕوناك کەرەوەی دڵەکان حەزرەتی موستەفا ( صل الله علیە وسلم ) .


سەرچاوە :

قیام الدوله العثمانیه .

الدوله العثمانیه ، دوله إسلامیه مفتری علیها.

تاریخ الدوله العلیه العثمانیه .




**زامدار قادری**





# زەنجەبیل

## وەك دەرمانخانەی ماڵە

یەکێکە لەو جۆرانەی بەهارات کە سوودیان بۆ تەندروستی هەیە و ئێستا زۆر کەس ئەم جۆرەی بەهارات لە ئامادەکردنی خواردندا بەکاردەهێنێت لەبەر تام و بۆنە خۆشەکەی و لە هەمان کاتدا سوودە تەندروستیەکانیشی .

لە ناو نەتەوە کۆنەکانی گەلی چین زەنجەبیل وەك یەکێك لە چارەسەرەکانی نەخۆشی کۆئەندامی هەرسی بەکارهێنراوە چونکە توانای تواندنەوەی چەوری زیاددەی جەستەی زۆرە و گەدە لە چەوری و پێکهاتەی زیان بەخش خاوێن دەکاتەوە .

ئەمانە چەند سوودێکی خواردنەوەی شەربەتی زەنجەبیلن لەسەر گەدەی خاڵی:

1- پێش خواردنی ژەمێك یان لەسەر گەدەی خاڵی پەرداخێك لە شەربەت یان گیراوەی زەنجەبیل بخۆ بۆ ئەوەی گەدەت خاوێن بێتەوە لەپێکهاتەی ئەو خۆراکانەی کە پێوەی ماونەتەوە .

2- هەرسی گەدە ئاسان دەکات و یارمەتی دابەزاندنی کێش دەدات .

3- تێکرای سوتانی کالۆرییەکانی جەستە خێرا دەکات و تێکرای سوتاندنی گەرمۆکە خێرا دەکات .

4- زۆر بەسوودە بۆ ئافرەتی دووگیان کە کێشەی دڵ تێکهەڵاتنی هەبێت لە ماوەی سکپڕیەکەیدا و هەڵئاوسانی گەدە کەمدەکاتەوە .

5- ئەگەر ئازاری ئێسك و جومگە و بڕبڕەکانت هەیە ئەوە زەنجەبیل تێکەڵاوی زەڵاتە و خواردنەکەت بکە بۆ چارەسەری ئەم حاڵەتە زۆر بەسوودە .

6- بۆ ئەو کەسانەی بەردەوام دەکۆکن پەرداخێك لە گیراوەی زەنجەبیل کەوچکێك هەنگوینی تێکەڵاو بکەن و بیخۆنەوە .

7- توانای مێشك و بیرکردنەوە زیاتر دەکات و بەرگری جەستە بەهێز دەکات .

8- ئەگەر کێشەی هەرسی گەدەت هەیە ئەوە کوپێك لە شەربەتی زەنجەبیل بخۆرەوە 15 خولەك دوای نانخواردن .

9- دڵ بەهێز دەکات و سووڕی خوێن چالاك دەکات .

10- تێکەڵاو کردنی شەربەتی زەنجەبیل لەگەڵ ئاوی لیمۆ دابەزاندنی کێش خێراتر دەکات .

دەتوانرێت پارچەیەکی بچوك (5 غرام) لە زەنجەبیلی وشك یان فرێش وورد بکرێت و بکرێتە ناو ئاوی کوڵاوەوە و دابنرێت هەتا سارد دەبێتەوە و دواتر بخورێتەوە یان تێکەڵاوی خواردن و زەڵاتە بکرێت بۆ ئەوەی جەستە سوودی لێ ببینێت ، و ئەو کەسانەش کە کێشە و ئازاری برینی گەدەیان هەیە باشتر وایە ڕاوێژ بە پزیشکەکەیان بکەن دواتر ئەم خۆراکە بخۆن . تا دەکرێ کەم کەم بەکاربهێنن تاکو لەگەڵی رادێن .

تێبینی / ئەوەی ناتوانن ئاوا بیخوات با لەگەڵ شیر بیخوات





د. بدر قادر سورچی



# میعراج

## لە دیدی مەولانای ڕۆمییەوە

زەوی هەسارەیەکی تاریکە بەڵام تیرۆژی خۆر ڕوناکی کردۆتەوە و ژیانی پێبەخشیووە ، کەواتە زەوی قەرزاری خۆرە و لەسەری پێویستە بەدەوریدا بخولێتەوە. ئەو نمونەیە بۆ پەیوەستی مرۆڤ و خوداش دەستدەدا، خەڵکانێ بە بارەگای ئەقدەس پەیوەندیدار نیین، لە قوڵایی قەبری ژیانا دەیگوزەرێنن و ناوەوەیان تاریکە بەڵام ئەوانەی ڕایەڵێکییان لەگەڵ خوا هەیە جیهانی ناوەوەیان بریقەدارە. سەردەفتەری مرۆڤانی خوداڕەنگ حەزرەتی فەخری عالەمە( سەلامی خوای لەسەر بێ). خۆشەویست وەختایێ دڵگیر و ئازوردە بوو خودا بانگهێشتی کرد. ئەو بانگهێشتە زۆر تایبەت بوو چونکە پێغەمبەر داوای نەکرد بوو، بەڵکو خوا لۆتفی نواند و داوەتی کرد. ئەو سەفەرە مانایەکی زۆر گەورە بوو بۆ خۆشەویست چونکە ئەو لە نێو تەمتوانی سەختییەکانی ژیان و ئەزیەتی دەوروبەر ماندوو ببوو لەو کاتەدا خودا بە فەریادی هات و بە مانا بە پێغەمبەری ووت: ئەگەر لەسەر زەوی هەموو دەرگاکان بە ڕووتدا داخراون فەرموو دەرگاکانی ئاسمان بۆ تۆ ئاوالآن. دوای گەڕانەوەی پێغەمبەر لەو گەشتە ، موسڵمانان هەموویان باوەڕیان هێنا ، ئایەتی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر لە بارەی ئیسڕا و میعراج زۆرن، مەولانای ڕۆمی وەکو هەر موسڵمانێکی دیکە ئیمانی بە ئیسڕا و میعراج هەبوو، بەڵام وەکو ڕەشەخەڵکی نا، مەولانا یەکتایانە لە باسەکە دواوە و تەوزیف و پۆلێنی کردووە. بەلای مەولانا میعراج دوو جۆرە: میعراجی تایبەت(ئەوەی پێغەمبەران) ، میعراجی گشتی(ئەوەی لە نوێژدا دەکرێ). ڕۆمی لەبارەی میعراجی تایبەتەوە نوسیویەتی:



احـــمـــد ار بـــگـــشـــایـــد ێن پـــر جـــلـــیـل
تـــــا ابـــد بـــیـــهـــوش مـــانـــد جـــبـــرئـــیـل
چون گژشت احمد ز سدره و مرصدش
وز مـــقـــام جـــبـــرئـــیـــل و از حـــدش
گـــفـــت او را هـــیـــن بـــپـــر انـــدر پـــی ام
گـــفـــت: رو رو مـــن حـــریـــف تـــو نـــی ام
بـــاز گـــفـــت او را بـــیـــا ای پـــردەســوز
مـــن بـــە اوج خـــود، نـــرفـــتـــســتـــم هـــنـــوز
گفت: بـــیـــرون زین حد ای خوش فر من
گـــر زنـــم پـــری ، بـــســـــوزد پـــر مـــن

واتە: ئەگەر حەزرەتی ئەحمەد لە شەقەی باڵی بدابایە( بەرزی و پلە و پایەی خۆی دەرخستبا) جوبرائیل تا هەتایە بێهۆش و مات دەبوو. وەختایەك پێغەمبەر لە سیدرە و مەقامی جوبرائیل تێپەڕی، بە جوبرائیلی فەرموو دەی با بڕۆین، لەوێوە جوبرائیل پێی فەرموو: چیتر من هاوشانی تۆ نییم، ئەگەر من یەك هەنگاوی تر بێمە پێشەوە دەسوتێم. ئیدی پێغەمبەر گەیشتە پلەیەك نە کەس پێش ئەو پێیگەیشت بوو نە کەس دوای ئەو پێیدەگا بەو مەقامە دەڵێن مەقامی ئینسانی کامل، ئەوەتانێ مەولانا جوانی فەرمووە: رسد ێدمی بە جایی کە بجز خدا نبیند. واتە: ئەو پێغەمبەرە کە لە نەوەی بەنی ئادەمە گەیشتە شوێنێ کە جگە لە خودا کەسی تری نەدەبینی.



نیاز عەزیز (مەستی)

# عیشق وشەفەقەت

## دەروازەیەك بۆ لێكدانەوە وردەكانی پەیامەكانی نوور




مامۆستای بەدیعوززەمان لە پەیامەكانی نووردا زۆر زانستی بەگەڕخستوە بۆ خزمەتی بابەتە ئیمانیەكان، كە لە راستیدا هەر زانستێك دەرفەتی ئەو خزمەتەی بۆ فەراهەم نەهێنرێت و نەخرێتە سەر ئەو سككەی خزمەتە ، ئەوە بە خزمەتگوزاری ڕاستەقینەی خۆی هەڵنەساوەو مرۆڤایەتی بەهرەمەند نابێت لێی ، بەڵكو زۆر كەشی لەبارە ببێتە بەڵا بۆی.

لێرەدا دەچینە خزمەت یەكێك لەو بابەتانەی كەلە پەیامەكانی نووردا ووروژێنراوە ولێكدانەوەی ووردو زانست وبیر روناكی لێ دەخوێنرێتەوە .


مامۆستا نوورسی لەچەند جێگەیەكی جیاجیادا ئاماژەی كردووە بە جیاوازی لە نێوان ووشەكانی : (الحب والعشق) لەگەڵ (الشفقە). مامۆستا وادەبینێت كەئەم ووشانە لەكۆمەڵێك ڕووەوە جیاوازن لەیەك ، وئەو جیاوازیانە لەسەرەتاوە لەوانەیە زیاتر وەك بابەتێكی زمانەوانیی ببینین ، بەڵام مامۆستا بەگەڕی خستوە بۆ بابەتە ناسكە ڕۆحی و ئیمانیەكان . بۆیە لەو جیاوازیانەی كە دیاری كردوە لە نێوانیاندا كۆدەكرێتەوە لە كۆمەڵێك ڕوو ، لەوانە : جیاوازی لەسەرچاوەیان ، وجیاوازی لەلایەنی هەڵگرانیان ، وجیاوازی لە دابەشبوونیان بەسەر باش وخراپ دا، وجیاوازی لەڕووی نزیكترینیان بۆ لای خودا ، و... هتد .

لێرەدا و لەم دەرفەتەدا ئەم سەر بابەتانە زیاتر ڕوون دەكەینەوە ، بە هیواین خزمەتێك بەو دەروازە زانستی وڕوحیە بكەین بەپێی توانا:

یەكەم : جیاوازیان لە ڕوانگەی سەرچاوەیان : هەرچەندە هەردوو لا ( الحب والعشق ) و( الشفقە ) سەرچاوەكەیان تەجەلیاتی ناوە پیرۆزەكانی خودایە، وڕێگەن بەرەو خودا ، بەڵام هەریەكەیان زیاتر تەجەللیاتی وەرگرتوە لەناوێك یان زیاتر لە ناوێك لە ناوە پیرۆزەكانی خودا . (الرحمن والرحیم) سەرچاوەیە بۆ ووشەی (الشفقە). وناوی پیرۆزی (الودود) سەرچاوەیە بۆ(الحب والعشق). یان بەڕویەكی تری بابەتەكە ، دەتوانرێت بوترێت : (الشفقە) ڕێگەیە بۆ گەشتن بە بەرەكەت و تەجەللیاتی ناوی ( الرحمن والرحیم ) ، و( الحب والعشق ) ڕێگەی گەشتنە بە ناوی پیرۆزی ( الودود ) لە ناوەكانی خودای گەورە .

دووەم : (الحب والعشق) زیاتر مەسلەحەتی تێدا رەچاو كراوە و بەرات و پاداشت جوڵێنەریەتی لە نێو مرۆڤەكاندا ، بەڵام هەڵگرانی (الشفقە) بێ پاداشت كاردەكەن و خاوێنتر و بڵندتر دەڕوانن . كە دەڵێین: خاوێنتر و بڵندتر ، كەواتە هەڵگرانی ( الحب والعشق ) لە خۆڕا لە خاوێنی و بڵندیی بەدوور ناخرێن ئەگەر بزانن لە چ خولگەیەكدا دەسوڕێنەوە.

كەواتە بێگومان ، خاوێنتر وبڵندترە ( الشفقە ) ، ئەوەتە نابینیت چی لە پێغەمبەرمان (دروودی خودای لێبێت ) كردوە، تەنانەت بوەتە جێی سەرنجی خێزانی ودایكی ئیمانداران حەزرەتی عائشە (ڕەزای خودای لێبێت ) ، كاتێك دایكمان عائیشە ( ڕەزای خودای لێبێت ) پێغەمبەرمان (دروودی خودای لێبێت ) دەبینێت بە كوڵ دەگری ، و لەترسی خودا ، ولە زۆری عیبادەتدا پێیەكانی قڵیشاوە ، لەگەڵ ئەوەی خودا لێی خۆش بووە و بەهەشت جێگەیەتی، بەسەر سوڕمانەوە دەیەوێت لە حاڵەتە تێبگات ، بەڵام پێغەمبەرمان (دروودی خودای لەسەر بێت ) لە وەڵامیدا دەفەرموێت : ئەدی بەندەیەكی سوپاسگوزار نەبم. كەواتە ویستنی پاداشتی لێرەدا مەبەست نەبوە، بەڵكو تەنها دەربڕینی سوپاسگوزاری و تۆكمەكردنی پەیوەندیی مەبەست بووە لەگەڵ خودای گەورە. ئایا هەر ئەمە ناخوێندرێتەوە لە فەرمودەی : ( إن لم یكن بك علی غضب فلا أبالی ) واتە : خودایە بەس تۆ لێم توڕە نەبیت ئەوە من چیم لێ بەسەر بێت گوێی پێ نادەم




. ئەوەیە کە وتراوە : خودا پەرستی نەك بۆ بەهەشت و لەترسی دۆزەخ کە زۆربەی خەڵکان وەها بیر دەکەنەوەوە وقورئانیش لەبەر ئەوەی خیتابە لەگەڵ زۆرینە ـ بەڵام ئەبێ ئەوە بوترێت کەبەشی هەمویشی فەرامۆش نەکردوە ـ بە زمانە ئاخاوتنی کردوە. بەڵام ئەو پلەیەی باسکرا پلە بەرزەکانە وگەشتن بە پلە بەرزەکان بۆ هەموو کەس نیە. کەواتە لە شەفقەقەتدا پاداشت مەبەست نیە ، هەر بۆیە مامۆستا نوورسی بۆ زیاتر بەرچاو روونی لە نێو مرۆڤەکاندا نموونەی سۆزی دایك دێنێتەوە بۆ منداڵی ، کە لە خاوێنی و پلە بڵندیدا ، بە فیترەتی خۆی ـ گەر تێکی نەدا بێت و لێڵ نەبووبێت ـ گەشتۆتە پلەی شەفقەقەت ، بۆیە بێ گوێدانە پاداشت و داواکردنی لە منداڵە ساواکەی خزمەتی دەکات و خەوی خۆی و بگرە گیانیشی بۆ بە قوربان دەکات . بەڵام دەگونجێ باوکان کەمتر بگەنە ئەو پلەیەو چاویان لە بەرژەوەندی جیاجیا بێت لە منداڵ بەخێوکردندا . بەڵام دیارە پلەی ( المحبە ) لەدەست نادەن ، بەڵام قسەی ئێمە لە بابەتێکی ترەو دەسکەوت و بەرات وپاداشت مەبەستە ، بۆیە لەو پاداشتانەی دەگونجێ باوك چاوی لێبێت لە منداڵەکانی : کوڕ زۆری ، وبۆ پلەوپایەی کۆمەڵایەتی پێویستیەتی ، یاخود کاروباری ڕۆژانەی دەخوازێ منداڵی زۆر بێت ، یان ... یان ... یان ... کە ئەو جۆرە ( یان ) ـانە زۆرن لای باوکان .

سێهەم : ( الحب والعشق )کۆمەڵێك پلە بەندیان هەیە و خراپ وباش هەیە لەناویاندا ، کەواتە دەگونجێ هەڵگری ئەو دوو ووشە بۆ خراپ بەکاریان بهێنێت ، بەڵام دەشگونجێ بۆ باش ، وەك لە خیتابی قورئانیدا باسی ئیمانداران دەکات بەوەی کە خۆشویستنی زیاتریان بۆ خودایە ، ( والذین امنوا أشد حبا لله ) . بەڵام هەرچی ( الشفقە ) تە هەموو پلەکانی مەدح وسەنا دەکرێت و هەمووی جوانە با لە بن باوەرێکیشەوە بێت.

چوارەم : نزیك کەوتنەوە لە خودا بە ( الشفقە ) رێگەیەکی کورت ترە بە بەراورد بە ڕێگەی ( المحبە والعشق) ، هەر بۆیە زۆرجار ناوە پیرۆزەکانی (الرحمن الرحیم ) دوبارە بۆتەوە و وەك ئاگادار کردنەوەیەك کە ئەو دوو ناوە باشتر مرۆڤ نزیك دەکاتەوە لە خودا و تەجەلیاتیان زیاترە لەم جیهانە و دوا رۆژیشدا . وەهەروەها سەرەتای ١١٣ سورەتی قورئانیش هەر جەخت لەو دوو سیفەتە دەکاتەوە ، بەڵام بە (الحب والعشق) ڕێگاکە درێژ ترە .

پێنجەم : زۆر بە زەحمەت رووی ( الحب والعشق ) لە مەجازەوە دەگۆڕڕێت بۆ حەقیقەت ، لەبەر ئەوەی فێری بەخششە و لەسەری راهاتوە ، پاشان ئەو لەزەتە کاتیەی لە عەشقی مەجازیدایە هەندێ جار سەرمەستی کردوە و بەئاگا هێنانەوەی کاتی پێویستە ، بەڵام ئەو زەحمەت و گرانیە نیە لە ( الشفقە ) دا و ئاسان تر دەتوانرێت رووی وەربچەرخێنرێت بەرەو لای خودا و لە حاڵەتی بەئاگاییدایە خاوەنەکەی.

شەشەم : پیاوە کامڵەکان زیاتر دارای ( الشفقە)ن ولەو پلە بڵندەدان ، چونکە خۆشەویستی لە (الشفقە) دا کامڵتر و خاوێن تر و بەهێز ترە. بۆیە مامۆستا نوورسی رازی نیە خۆشەویستی یەعقوبی پێغەمبەر بۆ یوسف ی کوڕی (سەلامی خودایان لەسەر بێت ) ناوزەد بکرێت بە ( حب و عشق ) ، بەڵکو لە ( الشفقە ) وەوە سەرچاوەی گرتبوو.




سەرچاوەکانی ئەم بابەتە لە پەیامەکانی نوور بە وەرگێڕراوی زمانی عەرەبی :

١. المکتوبات : لاپەڕەکانی : ١٢ ، و٣٦ ، و ٣٧ ، و٣٨ ، و ٤١ ، و١٠٢.

٢. اللمعات : لاپەڕەکانی : ٥٦ ، و٥٧ .





د. ئومێد نەجمەددین موفتی

# خەرمانێکی کەڵەکەبووی دەست لێنەدراو
# گەشتەکەی مامۆستا ئەبوبەکر خۆشناوی لە گوندی سیساوەوە بۆ باشووری ئەفریقیا:



وێنەی لێژنەی پێشوازیکەر لە مامۆستا ئەبوبەکر سیساوەیی لەکاتی گەیشتنی بەشاری کیپ تاون. ڕیزی یەکەم جل ڕەشەکە مامۆستا ئەبوبەکرە

زانایانمان بەو ژیانە کولە مەرگیەی بەڕێیان کردوە لەڕێگای وەرگرتن و بەخشینی زانست و ڕێنماییە ئایینیەکانی ئیسلام، بەهەژاری و نەداری و نەبونی کتێب و کاغەز و مەرەکەبی نوسین، نەبونی پێخەف و جل و بەرگ و خواردن، تەنانەت نەبونی بچوکترین هۆکاری خۆش گوزەرانی، دواتریش نەزانینی بەهاو نرخیان لەلایەن خەڵکانەوە، ئەمە سەرەڕای دەربەدەرکردن و ڕاگواستن و ئازاردان و سوتانی حوجرەو مەدرەسەو کتێبخانە بەنرخەکانیان، هەروەك کاکەحەمەی ناری وێنای ژیانیانی لەو بەیتە شیعرە کردووە: بەشمشێری مەلالەت بوو کەوا جەرگی مەلا لەت بوو بەڵێ مەشهوری ئافاقە مەلا نیوەی مەلالەت بوو بەڵام سەرەڕای ئەم نەهامەتی و ناخۆشیانە هەمووی کە یەخەی گرتوون خەرمانێکی زۆر و پڕ پیت و بەرەکەتی دەست لێ نەدراویان لەئاکارو ئەدەبیان، زانست و خاکی بوون و نیشتمان پەروەریان، شیعرو پەخشان و دوڕ و گەوهەرییان، کتێب و حاشیەو چامەکانیان، بۆ نەوەکانی دوارۆژیان بەجێ هێشتووە، خۆزیا ئەو ڕێگای پێیدا ڕۆشتوون ببایە ڕێنیشاندەر بۆمان و بەشانازیەوە باسمان کردبان و ناویان بەنەمری لەدەفتەری هزرماندا بچەسپابا، بەڵام بەداخەوە ژیانی زۆری ئەو سەربەرزانە بزرن لێمان، لەبارەیانەوە کەم دەزانین و کەم نوسراوە، بۆیە خزمەتەکانی ئەوان خەرمانێکی دەست لێ نەدراوەو و وەك ئەوەیە کەس دەستکاری نەکردبێت، ئەو مشتە بەرجەستەیەی ژیان و سەربردەی ئەو کەڵە زانایانە بەناچاری دەگوترێ کە وێنای خەرواری نادیارەکە دەکێشێ تاڕادەیەك. لێرەدا یادی یەکێك لەو زانایانەی دەکەینەوە کە ژیانێکی پڕ لەناخۆشی دەردەسەری و کۆچ کردن لەوشار بۆ ئەم شار بردوەتە سەر و لە گوندێکی خۆشناوەتیەوە چووەتە پایەتەختی دەوڵەتی عوسمانی و لەوێوە نێردراوە بۆ وڵاتی باشوری ئەفریقیا تا موسڵمانەکانی ئەوێ فێری ڕێنماییەکانی ئایینی ئیسلام و خوێندەواری بکات، ئەویش مامۆستا ئەبوبەکر سیساوەییە، بەپشت بەستن بەو سەرچاوانەی کە لەکۆتایی ئەم نوسینە ئاماژەیان پێکراوە.

کێشەکانی موسڵمانانی شاری کیپ تاون:
لەپاش کۆچی دوایی (یان فان بوکیز) پ

ێش نوێژی مزگەوتی (النخلە) ی شاری کیب تاون لەساڵی 1846ز. ناکۆکی و ململانێ یەکی زۆر لەسەر وەرگرتنی پێش نوێژی ئەم مزگەوتە پەیدا بوو. هەرچەندە (مامات فان دوکاب) وەك پێش نوێژ داندرا بەڵام کۆتایی بەناکۆکیەکان نەهات، ئەو ناکۆکیانە لە شەستەکانی سەدی نۆزدە سەری کێشا لەنێوان پێشنوێژ (مامات) و جێگرەکەی بۆ ئەوەی داوای یاسایی لەسەر یەکتر تۆمار بکەن. بەهۆی ئەم کێشەو چەندان کێشەی تر، لە 16 ی نیسانی 1862 پیاوماقوڵانی ئەم شارە لەڕێگەی نوسراوێکەوە داوایان لە (دو روب) ئەندام پەرلەمانی ئەم شارە کرد کەخۆشی هاوسۆز بوو لەگەڵ مسوڵمانەکان تا هەوڵ بدات بۆ ناردنی ڕێنیشاندەرێکی ڕوحی تا بنەماکانی ئیسلامیان فێربکات بۆ ئەوەی جێ بەجێ ی بکەن لەژیانیان دا، هۆکاری داواکاریەکەیان گەڕاندوەوە بۆ ئەوە کە زۆربەی سەرچاوەکانی ئایینی ئیسلام لەلای ئەوان بە زمانی (جاوی) یە ئەم زمانەش خەریکە بیر دەچێتەوە خەڵك لێی شارەزاو ئاگادار نیە و یاساو ڕێساکانی نازانێت، بەم شێوەیە بیری * هاتنی ڕێبەر و پێشەوایەکی ئاینی لەدەرەوە لەدایك بوو* ، (دو روب) داوا کاریەکەی بە دەوڵەتی ئینگلیز گەیاند، دەوڵەتی ئینگلیزیش لەلایەن خۆیەوە پەیوەندی بە دەوڵەتی عوسمانیەوە کرد بۆ ناردنی ڕێبەرێکی ئایینی.

ئەو هۆکارانەی وایان کرد ئینگلیز پەیوەندی بە دەوڵەتی عوسمانیەوە بکات و داوایەکی لەو چەشنە بکات:

1- بونی پەیوەندیەکی دۆستانە لەنێوان هەردوولا، بەهۆی پەیمانی ساڵی 1854ز لە جەنگی قرم ئەم جەنگە لە ساڵی 1853ز لەنێوان ڕوسیاو عوسمانیەکان ڕووی دا و تا ساڵی 1856ز بەردەوام بوو، بەریتانیا پشتیوانی عوسمانیەکان بوو، لە خاڵی چواری ئەو پەیمانەدا هاتووە: (عوسمانیەکان لەسەریان پێویستە بارودۆخی تەواوی مەسیحیەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی باش بکات). لەبەرامبەر پابەندبونی عوسمانیەکان بەو خاڵە، بەریتانیەکانیش لەسەر خۆیان بە پێویست زانی بارودۆخی مسوڵمانەکانی ژێر دەسەلاتی خۆیان باشتر بکەن، گەرچی وەك مەرجیش دانەنرابێت.

2- بونی دەسەڵاتی عوسمانیەکان بەسەر مەککە و مەدینەی پیرۆز.

3- دەوڵەتی عوسمانی بەهێزترین دەوڵەتی ئیسلامی بووە لەو کاتەدا.

ئەم هۆکارانە وای کرد کە ئینگلیز پەنا بۆ هیچ وڵات و شارێکی تری مسوڵمانان نەبات وەك ئەرخەبیل مەلایو یان هیند بۆناردنی ڕێنیشاندەرێکی ئایینی، بۆ وەڵام دانەوەی ئەم داواکاریە دەوڵەتی عوسمانی لەڕێککەوتی 3 ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1862 ئەبوبەکر ئەفەندی وەك ڕێنیشاندەر و مامۆستایەك بۆ شاری کیب تاون نارد لەسەر خەرجی دەوڵەتی عوسمانی.

ئەبوبەکر ئەفەندی کێ یە؟

ناوی ئەبوبەکرە، کوڕی مەلا عومەری کوڕی صلاح الدینە، عەشیرەتی خۆشناوە، پیاوێکی ئایینی و بزانێکی گەورەو شارەزا بووە، دەستی باڵابوە لەهەر چوار مەزهەبی فیقهی ئیسلامی، لەساڵی 1814ز لەگوندی سیساوەی نزیك شاری لەدایك بووە، هۆکاری ئەوەی کەئەم زانایە لەسەرچاوەکان بەشارەزوری ناوبانگی دەرکردووە ئەوەیە کە ئەوکات لیوای شارەزوور لەشارەکانی هەولێر و کەرکوك پێکدەهات و شاری سلێمانیش لیوایەکی سەربەخۆ بووە و جیابوە لەلیوای شارەزوور، واتە ئەم زانایە لەلیوای شارەزووری سەردەمی عوسمانیەکان لەدایك بووە، نەك لەدەشتی شارەزووری ئێستای سەربەپارێزگاری سلێمانی، هەروەك خۆشی بەخەتی خۆی نوسیویەتی: (خەڵکی سۆرانی سەربەلیوای شارەزورم). وانە سەرەتاییەکان لەناوچەکەی خۆی فێربووە، دواتر بەردەوام بووە لەسەر خوێندن لەشارەکانی بەغداو ئەستەنبوڵ. بەهۆی پەیدابونی شەڕو ئاژاوە لە لیوای شارەزوور و ناوچەکانی دراوسێ ی کۆچی کردووە بۆ شاری (ئەرچروم) و لەوێ دەرسی داوە، لە کۆتاییەکانی



وێنەی عومەر لوتفی برازاو هاوسەفەری ئەبوبەکر ئەفەندی

دەسەڵاتی سوڵتان عبدالمجیدی یەکەمی عوسمانی سەفەری کردووە بۆ ئەستەنبوڵ، بۆ داوا کردنی یارمەتی لەو برسی و قات و قڕییەی لە ئەرزەرۆم پەیدابووە، ئەمەش هاوکات بووە لەگەڵ گەیشتنی داوا کاریەکەی خەڵکی کیب تاون کە زووتر باسکرا، بەهۆی شارەزایی ئەفەندی لە زانستە ئیسلامیەکان و زیرەکیە بێ وێنەییەکەی، داواکاریەکان خستە بەردەمی، داواکارییەکەی قەبوڵ کرد و خۆی ئامادەی سەفەر کرد.

گەیشتنی ئەفەندی بەشاری کیب تاون

شێخ ئەبوبەکر لەگەڵ هاوسەفەرەکەی کە برازای خۆی بوو بەناوی عمر لگفی ئەفەندی لە ئەستەنبوڵەوە ڕویان کردە باشوری ئەفریقیا لە ڕێگەی فەرەنسا و بەریتانیا، لەبەندەری لیڤەرپول سواری کەشتی بوون، لە 3 ی کانونی یەکەمی ساڵی 1862ز و پاش 44 ڕۆژ گەیشتنە شاری کیب تاون، پیاو ماقووڵ و حاجیەکانی ئەو شارە بۆ پێشوازیان ئامادەبوون، وە وێنەکیان وەك یادگاریەك بەو بۆنەوە چرکاند کەلەمۆزەخانەی ئەو شارە پارێزراوە.

ئەبوبەکر ئەفەندی لەم شارە دوو جار خێزانی پێکەوە ناوە، خێزانی دووەمی بەناوی (تابان سابان کوك) بووە، کچێك و پێنج کوڕی لەم ئافرەتە لەپاش بەجێماوە، کە ئەوانیش لە ڕێگەی باوکیان بەردەوام بوونە لەکاری بانگەوازی ئایینی، یەکێك لە کوڕەکانی ناوی ئەحمەد عەتائولایە زاناو ڕۆشنبیر بووە، کتێبێکی نوسیوە بەناوی (تحفە الإسلام)، لەساڵی 1903ز لەسەنغافورە کۆچی دوایی کردووە لەتەمەنی 39 ساڵی.







چالاکیەکانی ئەبوبەکرە فەندی لەشاری کیب تاون

چارەسەری کێشەو ناکۆکیەکانی نێوان پێش نوێژانی کرد هەروەك نێوانی خەڵك و پێش نوێژەکانیشی خۆش کرد، هەر کێشەیەك ڕووی سەری هەڵدابا لەوێ بۆ ووتەی ئەفەندی دەگەڕانەوە، ئەو کێشەیەی لەسەرەتاوە کە لە مزگەوتی (النخلە) هەبو کۆتایی پێهێنا، هەروەك چارەی کێشەیەکی تری کرد کە لە مزگەوتی (نور الإسلام) ڕوی دا، دوای 15 ڕۆژ لەگەیشتنی بەو شارە قوتابخانەیەکی بۆ فێرکردنی منالآن کردەوە لەسەر ئەرکی دەوڵەتی عوسمانی، تەنیا دوای 20 ڕۆژ 300 قوتابی ناوی خۆیان تۆمارکرد، هەروەها قوتابخانەیەکی تری بۆ کچان کردەوە بەسەرپەرشتی خێزانەکەی، بەڵێ، لەکاتی گەیشتنی بۆ ئەم شارە لەکۆتاییەکانی ساڵی 1862ز تا ساڵی 1912ز هەر قوتابخانەیەك کرابێتەوە یان لەڕێگەی ئەوەوە بووە یان لە ڕێگەی کوڕەکانی یان قوتابیەکانیەوە بووە.

بەهۆی زیرەکیەکەیەوە زۆر بەزوویی فێرە زمانی ئەفریکانزی بوو وە کتێبێکی بەناوی (بیان الدین) بەو زمانە داناوە، لەساڵی 1877ز دەوڵەتی عوسمانی ئەم کتێبەی چاپکرد و کردیە دیاریەك بۆ خەڵکی کیب تاون، وەساڵی 1960ز ئەم کتێبە بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێردرا.

ئەفەندی کلتوری پۆشینی نیقابی بۆ ئافرەتە مسوڵمانەکان گەڕاندەوە دوای ئەوەی بەهۆی چاولێکەری ئەوروپا جلی خراپیان دەپۆشی. خواردنی گۆشتی (جراد البحری) و قرژاڵی لەسەر حەرام کردن کە پێشتر دەیانخوارد و پێیان وابوو حەلاڵە.

هەندێك لە کەسایەتیە ئاینیەکان کاری پێچەوانەی شەرعیان ئەنجام دەدا، بۆ نمونە وایان خەڵك حاڵی کردبوو سەرفترە و گۆشتی قوربانی تەنیا دەبێت بەخۆیان بدرێت، ئەفەندی خەڵکی ئاگادار کردەوە لێیان و پێی ڕاگەیاندن کەئەوانە هەڵە لەئایین حاڵی بوونە.

کۆچی دوایی مامۆستا ئەبوبەکر ئەفەندی

لەساڵی 1880ز لەتەمەنی نزیکەی 66 ساڵی کۆچی دوایی کرد، لە گۆڕستانی (تانا بارو) نێژرا، پاشە خۆی کوڕو نەوەکانی بەشێکیان گەڕانەوە تورکیا، بەشێکیشیان بۆ کەنەداو ئوستراڵیاو نیوزلەندا، سەفەریان کرد.

سەرچاوەکان:

1ـ جمهوریە جنوب أفریقیا ومسلموها: لاپەڕەکانی 53 تاکو 61 ، لە نوسینی: سعید إبراهیم کریدیە.

2ـ جغرافیە الممالك العثمانیە، نوسینی: علی صائب، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: جمعە الانطاکی، لاپەڕەکانی 251 و 252 .

3ـ ئەو زانیاریانەی لەبەڕێز م.سوداد ڕەسول * مامۆستا لەزانکۆی سۆران* مان وەرگرتوە.

عبدالله مەلا طاهر بەحرکەیی

# (ناساندنێك بە شاعیری گەورەی گەلەکەمان حەزرەتی وەفایی)



وەفایی ناوی حاجی میرزا عبدالرحیمی مەلا غفوری کوڕی مەلانەسروڵلایە ساڵی(١٨٤٤) لەساباڵاغ(مهابات) لەدایك بووە. لەساباڵاغ خوێندنی تەواوکردووە وەفایی پیاوێکی زاناو لێهاتوو بووە و هەردەم بەدوای زانست و زانیاریدا گەڕاوە و شارەزایی لە زمانی فارسی و عەرەبیدا هەبووە.پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵەی شێخانی نهری دا هەبووە و ژیانی زۆربەی لەگەڵ ئەواندا بەسەربردووە.

مامۆستای منداڵەکانی شێخانی نەهری وکوڕە بەگزادەکانی ساباڵاغ و مناڵانی تریش بووە ، هەروەها منداڵانی فێری شیعر کردووە، گەلێك کەس بەهرەی شیعری لێوەرگرتوە. وەفایی عاشقی جوانی و سروشتی کوردستان بووە بەتایبەت گوڵ و گوڵزارەکانی کوێستانەکانی ژیانی بەدەم مەلاییەوە بردۆتە سەر و چەند جارێك حەجی کردووە.وەفایی یەکێك بووە لەو شاعیرانەی کورد بەزمانی کوردی و فارسی شیعری نوسیوە و نازناوی لەشیعردا(وەفایی) بووە. وەفایی خاوەنی دیوانێکە کەچەندین جار چاپکراوە یەکەم جاردیوانی وەفایی ساڵی(١٩٥١)لەلایەن مامۆستا گیوی موکریانی چاپکراوە. پاش تێپەڕبوونی ١٠١ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی شاعیری ناسراوی کورد (وەفایی)بۆ یەکەمجار وێنەی ئەو شاعیرە دۆزرایەوە. حەزرەتی وەفایی یەکێکە لە شاعیرانی کورد زمان و خوێندنی سەرەتایی و بەرنامەی حوجرەی مزگەوتی لە زانستییەکانی ئایینی ئیسلام و زمانی عەرەبی لە مەهاباد تەواو کردووە و هەر لەوێش مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە. بەڵام قەولێکیش هەیە دەڵێن لەناو خەڵکی بە مەلا نەناسراوە و تەنیا میرزایان پێ وتوە. هیچ بەڵگەیێك بەدەستەوە نیە مەلایەتی کردبێ، بەڵام قوتابخانەی تایبەتی خۆی هەبوە و وانەی بە منداڵان وتوە و پێی ژیاوە.

وەفایی سەردەمی منداڵی و مێردمنداڵی لەمەڵبەندی خۆی مەهاباد بردۆتە سەر و لەم ماوەیەدا خەریکی وەرگرتنی زانستی و زانیاری بووە. لەدوای ئەوە لەجێگەیێك ئۆقرەی نەگرتووە لە هەکاری وڵاتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شاری سلێمانی ژیاوە. چوونە حەجیشی لەو سەردەمانەدا کاتی زۆری ژیانی شاعیری بۆ خۆی بردووە. وەفایی فیزی زل بووە، زەکات و سەرفترەی وەرنەگرتووە، موچەی فەقێیاتی نەویستووە.

شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری شیعری وەفایی بەدڵ بووە، لەو ڕێگەیەوە ناسیویەتی، خۆشی ویستووە لەبەر ئەوە لێی نزیك بۆتەوە. ماوەیێکی درێژ لای ژیاوە، شیعری بۆ خوێندۆتەوە، سکرتێرییەتی نووسینی بۆ کردووە و کاروباری خوێندەواری بۆ بەڕێوە بردووە. پاش تێپەڕبوونی ١٠١ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی شاعیری ناسراوی کورد (وەفایی)بۆ یەکەمجار وێنەی ئەو شاعیرە دۆزرایەوە. نووسەر و شاعیری ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساکار سۆفیزادە ناسراو بە(موحیبی مەهاباد) توانی وێنەی شاعیری گەورەی کورد بدۆزێتەوە کە وێنەکە لە ئەلبومی (عەلیخانی قاجار) دا دۆزراوەتەوە، کە وێنەگری تایبەتی هەریەك لە ناسرەدین شا و، موزەفەرەدین شا، پاشای قاجار، بووە و لە ماوەی تەمەنیدا سەدان وێنەی دەگمەنی پادشا و سیاسی و ناودارانی زۆربەی شارەکانی ئێرانی گرتووە.

لەوێنەکەدا شەش کەسایەتی و مامۆستای ئایینی مەهاباد لە تەنیشت یەکتر وەستاون، هەرچەندە لە ئەلبومەکەدا ئاماژە بەوەکراوە کە وێنەی وەفایی و چەند کەسایەتییەکی مەهابادە، بەڵام ڕووننەکراوەتەوە کامەیان خودی وەفاییە

بەپێی زانیارییەکانی موحیبی مهاباد، وێنەکە لەنێوان ساڵانی ١٨٩٩-١٩٠٠ لە خانەقای شەمزین گیراوە، کە دەکەوێتە چوارڕێیانی ئازادی لە شاری مەهاباد و، وەفایی لەو ساڵانەدا، وەك وانەبێژ لەو خانەقایە خزمەتی کردووە.

وەك لە ژیانی شاعیر دەردەکەوێ چوونە حەج لە لای جۆرە ئارەزوویێکی لا درووست بووە لە وانەیە بەهۆی هەڵوێستی بەرامبەر ئایین و حەزکردن بەگەشت ئەم ئارەزووەی لا درووست بووبێ.

لەدوا گەشتیدا بۆ سلێمانی لەساڵی ١٩٠٠ ز وا دەردەکەوێ ماوەیێك تێیدا ژیاوە و لەساڵی ١٩٠٢ ز حەجی سێیەمی کردووە. قسەی واش هەیە لە ساڵی ١٨٩٨ ز لە گەڵ شێخ سەعید حەفید چووە بۆ ئیستانبول و لەوێوە لەگەڵی ڕووی کردۆتە وڵاتی حیجاز.

هەرچۆنێبێ وەفایی لەگەڵ کاروانی شێخ سەعیدی حەفیدو سەید ئەحمەدی خانەقا و شێخ مستەفای شێخ عەبدولسەمەدی قازی و حاجی تۆفیقی پیرەمێرد چووە بۆحەج، ئەگەر هەمووشیان لەو کاروانە دا نەبووبن لەڕێگەی گەڕانەوە ئەو کەسانە پێکەوە گەڕاونەتەوە. ئیسماعیل شەمزینی خوێنەری شیعرەکانی وەفایی دەڵێت: میرزا عبدالرحیمی سابلاخی کە بە وەفایی ناسراوە، یەکێکە لە شاعیرە کلاسیکییە کوردەکان کە زیاتر لە سەدەیەك بەر لە ئێستا شیعری نوسیوە، وەفایی لە دەربرینەکانیدا جوانیەکی بێ وێنەی نەخشاندوە کە ئێستاش کاریگەری خۆی لەسەر خوێنەری شیعرەکانی هەیە، هەر لەو روانگەیەوە کە لەم ڕۆژگارەدا زیاتر شیعری عاشقانە و ڕۆمانسی خوێنەری زۆرە و گوێگری هەیە، وەفاییش وەك شاعیرێکی گەورەی کلاسیکی کوردی خاوەنی دەربرینێکی جوانی عاشقانەیە بۆ دولبەرەکەی و عەشق و دونیای خەیالی عاشقانە. ئیسماعیل شەمزینی هۆکاری خوێندنەوەوهەڵبژاردنی شیعرەکانی وەفایی بۆئەوە گەڕاندەوە کە وەفایی شاعیرێکی جیاوازە لە هەندێ شاعیری تر، کەسێکی هەست و سۆز ناسك و لە هەمان کاتیشدا عاشق بوە، زۆرێك لە دەقەکانی لەگەل هەست و سۆزی ئێستای ئێمەدا دەگونجێت. لە سارای عەرەبستان لە سەردەمی گەڕانەوەی ئەو حاجیانە وەفایی تووشی نەخۆشی زەحیری دەبێ، مەرگ ماوەی نادا و ئەنجام لەو وڵاتە دوورەدا کۆچی دوایی دەکا و لە ناو لمی بادیەی عێراق یا بیابانی شام لە لایەن هەواڵەکانییەوە لە ساڵی ١٩٠٢ز دوور لە نیشتمان بەخاك دەسپێردرێ.

پیرەمێرد دەڵێ: "بەدەستی خۆم لە بیابان وەفاییم ناشتووە."

ئەمەش نموونەیەك لە شیعرەکانی حەزرەتی وەفایی:

حەریفان ئەلئەمان کوشتومی یارم،چاوی بیماری
دەسا بێن دەست بە شینم کەن!بە یەکجاری،بەیەك جاری

گرفتاری کەسێکم،دڵ بریینداری جوانێکم
جەفاجوو،توندخوو،زنجیر موو،خەییاتییە کاری

چ دڵکێشە ئیلاهی سەبزەیی نەورستەیی کوڵمی
لە دەوری بەرگی گوڵ شیرینە ئارێ خەتتی ژەنگاری

بەخەندە هات نیگاهی کردە من وا مەست و شەیدا بووم
کەنەمدی غەیری وی،هەر غونچە بوو پشکووت و گوڵ باری.


سەرچاوە
- دیوانی وەفایی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس
- دیوانی وەفایی،موحەمەد سەیدنەجاری(ئاسۆ)


بروا محمد سنجەڵەیی

# تەسەوف



بەناوی ئەو خودایەی ڕێنمونی بەندەکانی دەکات بۆ سەر ڕێگای ڕاست و خولّقێنەری گشت مرۆڤەکانە،درودی خودا لەو پێغەمبەرە ئازیزەی خاوەنی بەرزترین ئەخلاق و خوڕەوشتە و خەمخۆری هەموو ئومەتەکەیەتی. لەپاشان دەڵێین بۆ ناسینی هەرشتێك چارنییە دەبێ پێناسەی ئەو شتە بکرێت ئەگەر بەکورتیش بێ بۆیە بەکورتی و بە کوردی و بە پوختی پێناسەیەکی تەسەووف تان بۆ دەکەین تا زیاتر بەرچاوتان ڕوون بێت.

هەندێ لە زانایان دەڵێن تەسەووف واتە: سازان لەگەڵ خودا.

هەندێکی دیکە دەڵێن تەسەووف واتە:کارکردن (عمل)بە شەریعەت.

هەندێ زانای تر وەك پێشەوا غەزالی دەفەرموون تەسەووف واتە:(خاڵی کردنی دڵ بۆ خودا و بێزانی جگە ئەو).هەندێکی تر دەفەرموون تەسەووف واتە: ئەخلاق و خوڕەوشتی جوان هەرکەسێك ئەخلاق و خوڕەوشتی جوانی زیاتر تێدابێت زیاتر ڕێگەو ڕێبازی تەسەووفی گرتووە.

هەر ئەوەندە بەسە لێرەدا دەنا تەسەووف پێناسەی تری زۆر هەیە وەلێ ناکرێ لێرەدا ئاماژە بەهەمویان بکەین.

تبێبی/تەسەووف چەندین ناوی جیاوازی هەیە کە بەپێی سەردەم گۆڕاکاریان بەسەردا هاتووە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین جا هەر کاتێك ئەو ناوانەتان بەرچاو کەوت بزانن مەبەسەت لێی تەسەوف یان ئەهلی تەسەووفە ئە وا نیش : ( تە ز کییە ، ئە خلا ق ، فقهی ئە خلا ق ، ز هد ، ئیحسا ن ، . . . . . ) .

ڕاستکردنەوەی هەڵەیەك:-

هەندێ کەس وا حاڵیکراون کە تەسەووف دیین و بیروباوەڕێکی تازە داهێنراوە یان تەشبیهی تەسەووف دەکەن بە تەشەیووع و چەندیین بیروباوەڕی دیکە!!

لەوانەیە ئەمە پرسیاری زۆرێکمان بێت ئایا ئەم قسانە ڕاستن؟؟؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەچینە خزمەت پێشەوا زەهەبی کە خوێندکارو فەقێ ی شێخ ئیبن و تەییمیە بووە،شێخی زەهەبی کاتێك باسی هاوەڵان و شوێن کەوتوان دەکات دەفەرمێ: (هاوەڵان و شوێنکەوتوان جوانتیرن ڕێبازی تەسەوفیان هەبووە).

ئێمەش دەپرسین ئایا دەکرێت هاوەڵان و شوێکەوتوان لەڕێگای ڕاست لایان دابێ((سبحانك هذاً بهتاناً عظيم)) ئەوان دیینیان لە پێغەمبەری خودا وەرگرتووە(درودی خودای لێ بێ).

تەسەووف لەچییەوە وەرگیراوە: تەسەووف لە( ئیحسان) وەرگیراوە.

ئەی واتای ئیحسان چییە؟

ئەو کاتەی سەییدنا جبريل لە شێوەی پیاوێکدا پرسیاری(إحسان) لە پێغەمبەری خودا دەکات، خۆشەویستمان (درودی خودای لێ بێ) بەم شێوەیە وەڵامی دەداتەوەو دەفەرمێ:

(أن تعبدالله كأنك تراه، فإن لم تكن تراه فإنه يراك) واتە:خودا بپەرستی وەك بە چاو بیبنی لە کاتی پەرستنیدا، جا ئەگەر نەتتوانی بەو شێوەیە بیپەرستی ،وا بیپەرستە کەئەو تۆ ئەبینێت.

تێڕامانێك لەفەرموودەکەی خۆشەویستمان(درودی خودای لێ بێ): خۆشەویستمان جوملەی فعلییەی بەکارهێناوە،کە بۆ تازەکردنەوەو درێژەکێشانە،واتە دەبێت زوو زوو پەیمان تازە بکەینە وەو پەرستشەکانمان درێژەبکێشن و سارد نەبینەوە.

پاشان خۆشەویستمان (أن)ی "مصدر"یەیی بەکارهێناوە کە دوای خۆی دەباتە تەئویلی مصدەرەوە،دەتوانین بڵێین لەوانەیە ئاماژە بێت بۆ ئەوە کەدەبێت پەرستشەکانمان لەژێر ڕۆشنایی سەرچاوەی زوڵاڵی قورئان و سوننەت دا بێت.

تەووبەو گەڕانەوە بۆلای خودا یەکەم پلەو پایەی (ئیحسان) تەسەووفە:-

تەووبە دەرگای گەیشتنە بەخودا ،بۆ گەیشتن بە خودا دەبێ سەرەتا لە دەرگای تەووبە بدرێت،تەووبە بناغەی پەشیمانیە لەوەی کە ڕابردووە لە سەرپێچی فەرمانەکانی خودا، تەووبە ترس و خەشیەت و حەیاو ئەدەبە لە خودا،هەروەها خۆشەویست بوونی بەندەیە لەلای خودا، چون خودای گەورە دەفەرمێ[إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ][البقره،222].

ئایاجیاوازی هەیەلەنێوان(تائب)و(تەواب)؟ بەڵێ بێگومان جیاوازن چونکە (تائب) بەکەسێك دەوترێت کە گوناهێك بکات و لێی پەشیمان بێت، ئەمە تەنها یەك جارە وەلێ (تەواب) بەردەوام تەوبە دەکات ،گەر گوناهی کرد زوو لێی پەشیمان دەبێتەوەو دەگەڕێتەوە لای خودا،گەر لەسەر خودا پەرستی بەردەوام بوو واتای وایە لەمانای خودا پەرستی و تەووبە تێگەیشتتووە.

وصل الله وسلم على سيدنا ومولانا محمد وعلى اله وصحبه أجمعين.


سەرچاوەکان:

عوده للحوار/ مع أ.د.سعيد فوده.

معالم السلوك/للشيخ حبيب على الجفرى.

التصوف العملى/للشيخ نورى فارس حمه خان

حقائق عن التصوف/للشيخ عبدالقادر.


زرنگ طاهر

# موستەزاد



هەتا خەندەت لەلێوا بێ ئەمێنم
بزەت کەیف و سەفای من
بگرەی گەر شەهادەی تۆ ئەهێنم
فریشتەی مەرگ لەلای من

لەدووریی تۆ لەلەش بێزارە گیانم
بەبێداریی شەوانم
بنالێنم قیامەت هەلئەسێنم
بەهاوار و سەدای من

شەوە و چاوم کزە و نادیارە بەرپێم
ئەکەی دەست بەربدەی لێم
لەیار و یاوەران تا جێ ئەمێنم
لەرێگا تۆ چرای من

دڵم مەستی شەرابی چاوی تۆ بوو
سەراپا ناوی تۆ بوو
ئێتر جام و پیاڵەت ، ئەیشکێنم
کەخۆتی ئاشنای من تا هەتای من

لەماڵی دیدەنت جانا ئەگەر جێم..
ئەبێ ، ڕۆژی حەشر دێم
حەقی گشتی لەچاوانت ئەسێنم
سوتانی

بەعیشقی تۆ ئەکێڵم خاکی سینەم
بە ئەم ناڵە حەزینەم
هاتا تۆوی ویساڵی تۆ بچێنم
بگەم پێت بولوەفای من

بەرسوایی لەبازاری ئەوینا
وەکو (ماتی) لەژینا
ئومێدم وایە عالەم تێپەڕێنم
یەڵا دەستی ڕەجای من

ماتی

وەزنی شیعر

مفاعیلن مفاعیلن فعولن
مفاعیلن فعولن

# لەگەڵ نوعەیمان و سوەیبیت

زۆر جاران کە ژیاننامەی هاوەڵانمان خوێندۆتەوە، هەندێك چیرۆکی وەهامان بەرچاو دەکەوێت کە لامان نامۆن، لەگەڵ مەنتیق و شەرع یەك ناگرێتەوە، ئەگەر لێی ڕابمێنین و ورد بینەوە دەبینین کە گومانێکی بێ سەر و بەر زیاتر نییە، تانەیەکی ئاشکرایە بۆ ژیاننامەیان، لەو چیرۆکانەش چیرۆکی "نوعەیمان" و "سوەیبیت"ە، کە وەك چیرۆکێك خەندە ئامێز(1) لە سەرچاوەکان هاتووە، لەو بابەتە هەوڵ دەدەین تۆز لەسەر درووستی ئەو ریوایەتە هەڵبدەینەوە: ئەو چیرۆکە ئەبو نوعەیمی ئەسبەهانی ریوایەتی کردووە(2)، لە ڕێگای ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلەوە(3)، دەڵێ: ڕەوح بۆی گێڕاینەوە، زومعە بۆی گێڕاوەتەوە، دەڵێ: لە ئیبنو شیهابی زوهریم بیست، کە لە عەبدوڵڵای کوڕی وەهبی کوڕی زەمعە لە ئوم سەلەمەوە دەیگێڕایەوە، دەیگوت: ئەبوبەکر بۆ بازرگانی بەرەو بەسرە بەڕێ کەوت، سەردەمی پێغەمبەر بوو صلی الله علیه وسلم، لە ریوایەتی ڕەوح دا ئەو زیادەیەش هەیە: (ئەبو بەکر نوعەیمان و سوەیبیتی لەگەڵ بوو، کە هەردوکیان لە "بەدر"دا بەشدارییان کردوە) خواردن لای سوەیبیت بوو، نوعەیمان هات و پێی گوت: کەمێکم لەو خواردنە بدێ، گوتی: پێتنادەم، تا ئەو کاتەی ئەبوبەکر دێت، نوعەیمان کەسێکی قۆشمەچی و قسە خۆش بوو، پێی گوت: شتێکی وات بەسەر دەهێنم تووڕە بیت، چووە لای کۆمەڵە خەڵکێك، پێیانی گوت: بەندەیەکی عەرەبی چاکم هەیە، زمان درێژە، لێم بکڕن، لەوانەیە کە ئێوە دێن بۆ کڕینی ئەو بڵێ ئازادم، بەڵام ئێوە گوێ بەو قسەیەی مەدەن، ئەگەر لەبەر ئەو قسەیە ناتانەوێ مێن، با ئاکاری بەندەکەشم بەهۆی ئێوە تێك نەچێ، گوتیان بەڵکو دە حوشترت لەبەرامبەری پێ دەدەین، سوەیبیتی کۆت کرد و نیشانی کڕیارەکانی دا، هاتنە لای و پێیان گوت کە ئێمە تۆمان کڕیوە، گوتی درۆ دەکا، من بەندە نیم و سەربەستم، گوتیان: دەزانین چی دەڵێی، پەتیان لەمل کرد و ویستییان ببەن، ئەوکاتە نوعەیمان کڕین و فرۆشتنەکەی هەڵوەشاندەوە و کاتێك ئەو چیرۆکەیان بۆ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم گێڕایەوە، لەگەڵ هاوەڵەکانی بۆ ماوەی یەك ساڵ کاتێك بیریان دەهاتەوە پێکەنینیان پێی دەهات(4).

ئیبنو ماجەش(5) لە ڕێگەی "وەکیع"ەوە ریوایەتی کردووە کە دەڵێ: زەمعەی کوڕی ساڵح لە زوهرییەوە لە عەبدوڵڵای کوڕی وەهەبی کوڕی زومعەوە لە ئوم سەلەمەوە بە ریوایەتێکی نزیك لەوە ریوایەتی کردووە، بەڵام لە ریوایەتەکەی ئەم دا پێچەوانەیە، بەجۆرێك سوەیبیت فرۆشیارە و نوعەیمان فرۆشراوەکەیە(6).

زوبەیری کوڕی بەکاریش لە کتێبی "الفكاهه" ریوایەتی کردووە، بە ڕشتەیەکی دیکەوە تا دەگاتەوە "ئوم سەلەمە"(7)، بەڵام ئەو ناوەکەی بە "سوڵەیتی کوڕی حەرمەلە" هێناوە، "ئیبنو حەجەر" دەڵێ پێدەچێ ناوەکەی لێ هەڵە بوبێ، "ئیبنو عەبدولبەریش" ئەو ناوە ڕەت دەکاتەوە(8).

ئەو ریوایەتە لە دوو لایەن ڕەت کراوەتەوە: یەکەم: لە ڕووی سەنەدەوە: لە سەنەدی ریوایەتەکە: زەمعەی کوڕی ساڵح هەیە، ترمڎی و ئیبنو ماجە ریوایەتی لێ دەگێڕنەوە، ئەویش لە "عەمری کوڕی دینار" و "تاووس" ریوایەت دەکا، خەڵکی یەمەنە و نیشتەجێی مەککە بووە، "ئیبنو مەهدی" و "عەبدولڕەزاق" و خەڵکی دیکەش ریوایەتیان لەو گێڕاوەتەوە، موسلیمیش لەسەحیحەکەیدا ریوایەتی ئەوی هێناوەتەوە، بەڵام بەتەنها نا، بەڵکو پێکەوە لەگەڵ یەکێکی دیکە ئەگەر ریوایەتی کردبێ ئەوجا. ئیمامی ئەحمەد و ئیبنو مەعین بە لاوازیان لەقەڵەم داوە، ئیبنو مەعین لە شوێنێکی دیکە دەڵێ: "ریوایەتەکانی تا ڕادەیەك وەردەگیرێن"، ئەبو زورعەش دەڵێ: فەرموودەکانی وەرناگیرێن، بوخاری دەڵێ: فەرموودەکانی ناکۆکییان لەسەر داخۆ وەردەگیرێن یان نا، ئیبنو مەهدی لەو کۆتاییانە فەرموودەی لێ وەرنەدەگرت، نەسائی دەڵێ: بەهێز نییە، هەڵەی زۆرە لەو ریوایەتانەی لە زوهرییەوە دەیانگێڕێتەوە، ئەبو داوود دەڵێ: لاوازە(9).

ئەو وتانە پێکەوە بەڵگەی لاواز بوونی ئەو ڕاوییە دەدەن و مانای وایە زۆری هەڵە کردووە، بەتایبەت لەو ریوایەتانەی لە موحەممەدی کوڕی شیهابی زوهری دەیانگێڕێتەوە، کە ئەو چیرۆکەی ئێمە باسی دەکەین یەکێکە لەوان. هەرچی موتابەعەکەیە کە لە ڕێی "زوبەیری کوڕی بەککار"ەوە ریوایەت کراوە، لە یەحیای کوڕی ئەبو حاریسی کوڕی عەبدوڵڵای ئەسغەری کوڕی وەهبی کوڕی زومعە، لە جابیری کوڕی عەلی کوڕی یەزیدی کوڕی عەبدوڵڵای ئەسغەری کوڕی وەهبی کوڕی زومعە، لە قوڕەیبەی کچی عەبدوڵڵای ئەسغەری کوڕی وەهەب، لە باوکییەوە، لە ئوم سەلەمەوە. ئەو ریوایەتەش ڕاوی ئەوتۆی تێدایە کە نەناسراوە، وەك قوڕەیبەی کچی عەبدوڵڵای ئەسغەری کوڕی وەهب، زەهەبی لە "المیزان" دا دەڵێ: تابیعی





بووە، تەنها برایەکەی موسای کوڕی یەعقووب ریوایەتی لێ گێڕاوەتەوە(10)، ئیبنو حەجەر لە "اللسان" دا دەڵێ: بەشێك لەبارەی ئەو ئافرەتانەی کە نەناسراون، لەوێ ناوی قورەیبەی هێناوەتەوە و دەڵێ کە لە باوکی ڕیوایەت دەکا، برازایەکەشی موسای کوڕی یەعقووبی کوڕی وەهبی کوڕی زومعە لەوەوە ریوایەت دەکا(11). واتە: نەناسراوە.

دووەم: لە ڕووی مەتنی ریوایەتەکە: کۆمەڵێك شتی تێدایە کە پێچەوانەی ئادابەکانی شەریعەت و فەرمانەکانین، لەوانە:

• درۆ: قسەکەی نوعەیمان پێچەوانەی ڕاستییە کە گوتویەتی بەندیەکەم لێ بکڕن کە ئاوا و ئاوایە و سیفەتەکانی ژماردوون، ئەوە درۆیەکە و پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو هەمەوو هەڕەشەی دەربارەی درۆ و درۆزنەکان هاتووە لە شەریعەت، وەك وتەی پەروەردگار (فَنَجْعَل لَّعْنَةَ اللَّهِ عَلَى الْكَاذِبِينَ)(12) ئاکامی درۆ زۆر ترسناکە، بەڵگەمان فەرموودەی: (ڕاستگۆیی ئاکامەکەی چاکەیە، ئاکامی چاکەش بەهەشتە، مرۆڤ هەر ڕاستی دەڵێ تا ئەوکاتەی بەڕاستگۆ دەناسرێ، درۆش ئاکامەکەی خراپەکارییە و ئاکامی خراپەکاریش جەهەننەمە، مرۆڤ هەر درۆ دەکات تا ئەو کاتەی لای خوا بە درۆزن هەژمار دەکرێ)(13).

• فرۆشتنی مرۆڤێکی ئازاد کە (سوەیبیت)ە، ئەو کارە هەڕەشەیەکی زۆر توندی دەربارە هاتووە، یەکێکە لە گوناحە گەورەکان، بوخاری لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەت دەکا: سێ کەس من دوژمنیانم لە ڕۆژی دوایی، کەسێك پەیمانی دامێ و دواتر پەیمانەکەی شکاند، کەسێك ئازادێك بفرۆشێت و بەهاکەی بخوات، کەسێك کرێگرتەیەکی بەکرێ گرت و کارەکەی بۆ ئەنجام دا، بەرام ئەو پارەکەی پێ نەدا(14).

• بێدەنگ بوونی پێغەمبەر لەو ڕووداوە بێ ئەوەی ئینکاری لێ بیکا، ئەوە پێچەوانەی ڕەوشتی پێغەمبەرە ئەو لە هیچ گوناحێك بێ دەنگ نابێ، دەبێ ڕوونی بکاتەوە، چەندین ڕووداو هەیە لە ژیانی کە بەڵگەی ئەو قسانەمانە:

- لە ئیبنو عەبباسەوە کە پێغەمبەر ئەنگوستیلەیەکی زێڕی لە دەستی پیاوێك بینی، لەدەستی کردەوە و لێی فڕێ دا، فەرمووی: (کەسی واتان تێدایە پۆلییە ئاگرێك لەدەست دەکا) دوای ئەوە گوتیانە کابرا برۆ ئەنگوستیلەکەت هەڵبگرەوە و بیفرۆشە، ئەویش گوتی: سوێن بەخوا هەڵی ناگرمەوە مادەم پێغەمبەری خوا فڕێی دا(15).

- لە ئەبو هورەیرەوە کە پێغەمبەری خوا هاتە ناو مزگەوت، کەسێکیش هات و نوێژی کرد، سەلامی لە پێغەمبەر کرد و ئەویش وەڵامی فەرموو، پێی فەرموو: (برۆ نوێژەکەت دووبارە بکەوە، نوێژت نەکرد)، ئەویش گەڕایەوە و نوێژەکەی دووبارە کردەوە و هاتەوە سەلامی لە پێغەمبەر کردو ئەویش وەڵامی فەرموو، پێی فەرموو : (برۆ نوێژەکەت دووبارە بکەوە، نوێژت نەکرد) جاری سێیەمی هەمان جۆر، کابرا گوتی: سوێند بەو خودایەی تۆی ناردووە لەوە زیاتر نازانم، فێرم بکە، پێغەمبەر فەرمووی: (ئەگەر دەستت بە نوێژ کرد، بڵێ الله اکبر، ئەوەندەی زانیت قورئان بخوێنە، دواتر برۆ ڕکووع تا ئەوکاتەی جێگیر دەبی تێیدا، دواتر لە ڕکووع هەڵسەوە تا ئەوکاتەی لە هەڵسانەوە جێگیر دەبی، دواتر برۆ سەجدە تا ئەو کاتەی لە سەجدە جێگیر دەبی، لەهەموو نوێژەکەت بەو جۆرە بکە(16)).

- لە ئەبو هورەیرەوە دەڵێ: ئەعرابییەك هاتە ناو مزگەوت، پێغەمبەر دانیشتبوو، دوو ڕکاعەت نوێژی کرد، دواتر وتی: خوایە بەزەیت بەمن و موحەممەددا بێتەوە، بەزەیت با کەسی دیکە نەگرێتەوە، پێغەمبەر فەرمووی (تۆ شتێکی زۆر فراوانت بەرتەسك کردۆتەوە) ئەوەندەی پێ نەچوو لە لایەکی مزگەوت میزێکی کرد، خەڵکی بە پەلە بۆلای چوون، پێغەمبەر ئینکاری لێ کردن و فەرمووی: (ئێوە بۆ کارئاسانکردن لەسەر خەڵکی هاتوون نەك بۆ زەحمەتکردنی، کەمێك ئاوی بەسەردا بکەن(17)).

لەبەر ئەو هۆکارانە شەرعناسەکان فەرموویانە: بۆ پێغەمبەر درووست نییە کە ئەو شتەی پێویستە لە کاتی پێویستییەکەی نەیڵێ.

بەمەی لە سەرەوە باسمان کرد، ئەستۆی نوعەیمانمان پاك کردەوە لەو ریوایەتەی کە بەناوی گاڵتەوە لێی دەگێڕدرێتەوە.


سەرچاوەکان:

1ئیبنو عەبدولبەڕ لە (الاستیعاب 323) دەڵێ: چیرۆکێکی خۆشی هەیە لەگەڵ نوعەیمان و ئەبوبەکر، لەبەر ئەوەی چیرۆکێکی خەندە ئامێزە و بەڵگەی ڕەوشت جوانییە بۆیە باسی دەکەین.

2. معرفه الصحابه لأبی نعیم الأصبهانی، لا: 2665. أسد الغابه، 5/332.

3. المسند، 18/296، رقم: 26566.

4. السنن، كتاب الادب، باب المزاح، رقم: 3719. لا: 206.

5. بڕوانە: أسد الغابه لابن الاثیر، 2/592.

6. ئیبنو عەساکیر لە "تاریخ دمشق" 22/161 ریوایەتی کردووە.

7. الإصابه، 11/114.

8. میزان الاعتدال، 2/81.

9. میزان الاعتدال، 4/609.

10. لسان المیزان، 9/497.

11. ال عمران : 60.

12. صحیح البخاری، کتاب الأدب: باب قول الله تعالى: {يا أيها الذ ين امنوا اتقوا الله وكونوا مع الصادقين} وما ينهى عن الكذب، 4/109، رقم: 6094.

13. صحیح البخاری، کتاب البیوع، باب إثم من باع حرا، 2/120، رقم: 2227.

14. صحیح مسلم، کتاب اللباس، باب تحریم خاتم الذهب على الرجال ... رقم: 2090. لا: 867.

15. صحیح البخاری، کتاب الصلاه، باب وجوب القراوه للإمام والمأموم فی الصلوات ...، 1/247، رقم: 757.

سنن أبی داود، کتاب الطهاره، باب الارض يصيبها البول، رقم الحديث: 380.





محمد ملا سعدالدين

# هەندێك لەو كتابانەی لە سالی 1600 تاكو سالی 1950 زاینی كە لە گوندی ماوەران نوسراینەوە




1ـ (الاسفار الاربعە) لە زانستی حیكمەت كە دانەرەكەی محەمەدی كوڕی ئیبراهیم شیرازی یە، ڕەسولی كوڕی عەلی كوڕی محەمەد سالی **1109**ك **1697**م لە خوێندنگای مەولانا حەیدەر لە ماوەران لە دەڤەری (سۆران) نوسیتیەوە

2ـ (موحاكەمات)كتابێكی فەلسەفەیە؛ ئەحمەد كوڕی حەیدەر حەیدەری دایناوە) ئیبراهیم كوڕی محمەد لە گوندی ماوەران لە دەڤەری سۆران لە سالی **1097** لە خزمەت مەولانا حەیدەر گەورەترین عولەمای سەردەم نوسیتیەوە

3ـ شەرحی (عبدالغفور بە سەر جامی) محەمەدی كوڕی عەلی كوڕی حەسەن سالی 1096ك ـ 1674ز لە ماوەران نوسیتیەوە

**4**ـ (شەرحی مەسعود لە مونازەرە) ڕەسولی كوڕی محمدی كوڕی ئەحمەدی كوڕی خچری ناسراو بە شێخ مەمودی لە گوندی ماوەرانی تازە لە مەدرەسەی مەولانا ئەحمەد كوڕی حەیدەر كوڕی ئەحمەد كوڕی حەیدەری سالی **1143** نوسیویەتیەوە

**5**ـ (رسالە فی وحدە الوجود)، محمد جەفایی كوڕی مەحمودی كوری محەمەد كوری عبداللە بانەیی سیوچی، لە خوێندنگای (ماوراء النهر) واتە ماوەران لە سالی **1145**ك**1736**ـز لە قوتابخانەی مەولانا ئیبراهیم كوڕی حەیدەر نوسیتیەوە

**6**ـ (مجموعە كتابێك) عەبدولرەحمانی كوڕی خضر كوری حەسەن ڕاژانی لەگوندی ماوەران لە سالی **1152**ك نوسیویەتیەوە لە خزمەت هەردوو (صدورالاعیان) مەولانا ئیبراهیم و مەولانا ئیسماعیل

7ـ (شرح رسالە خلاصە الحساب للعالمی)، دانەر ئیبراهیم كوری حەیدەر، سالی **1166**ك**1752**ـز، لە لایەن گاهای كوڕی موسای كوڕی عوبەیدوللای حسەینی كلیرمانی نوسراوەتەوە.

8ـ (الرسالە العضدیە فی اداب البحث) بە دەستی ئەحمەد كوری ڕەسول شەوەكی، لە بۆ سەید ئیبراهیم موصلی لە ماوەران نوسیتەوە سالی **1186**ك**177**ـز.

9ـ (حاشیەی چارەپەردی بە سەر شافیەوە) ئەحمەدی كوڕی عەبدوللای كوری ئەحمەد كوڕی حەیدەر كوڕی ئەحمەد كوری حەیدەر حەیدەری لە سالی **1187**ك لە گوندی ماوەران نوسیویەتیەوە

10ـ (حاشیە لە سەر عضودیە) ڕەسولی كوری ئەحمەدی كوڕی ڕەسول سالی **1191**ك لە گوندی ماوەران نوسیویەتیەوە

11ـ (ریسالەی وەضع) ئیبراهیم خاكی لە (دار العلم) ماوەران سالی **1194**ك نوسیویەتیەوە

12ـ (فەرائیضی ئیبنوحەجەر) ڕەسول لە مەدرەسەی ماوەران سالی **1195**ك نوسیویەتیەوە

13ـ (الفیە ابن مالك) عەبدولقەدیری كوڕی ئەحمەد كوری حەیدەر كوری نوعمانی كوڕی حەیدەر حەیدەری لە حوجرەی ماوەران لە سالی **1196**نوسیویەتەوە

14ـ (الوغ بیط) رەسولی كوری حسەین گۆڕەشێی لە گوندی ماوەران لە مەدرەسەی مەلا ئەحمەدی كوڕی عەبدوللا سالی **1196**ك نوسیویەتیەوە

15ـ (حاشیەی ئەحمەد کوری حەیدەرو عەبدوللای کوری حەیدەر کوری ئەحمەد) تاجەدین کوری خضر سالی**1199** لە (ماوراوالنهر)ی نوسیویەتەوە
16ـ (هەندیك لە شەرحی موحەڕەڕی نورەدینی زیادی) مەحمودی کوڕی بایزی کوڕی خچری کوڕی بایزی قەلاسیدی سالی **1280**ك لە ماوەران لە خزمەتی مامۆستا مەلا حسەین ئاکۆیی مودەڕیسی ماوەراندا نوسیویەتیەوە
17ـ(لوامع الاسرار فی شرح مطالع الانوار) مەلا خضری حەیدەری هەندێك قوتابیان نوسیویانەتەوە لە سالی **1210**ك**1795**ـز لە ماوەران،
18ـ (کۆمەلە کتابێکی مەنطق) محەمەد کوڕی ئەحمەدی زەهاوی ڕۆژی **3**شەممەی پاش نوێژی نیوەڕۆ لە مانگی ڕەبیعی دووەمی سالی **1223**ك نوسیویەتەوە لە خزمەت مەولانا ئەولانا محەمەد ئەفەندی کوری فچل الله ئەفەندی حەیدەری
19ـ (حاشیەی محمد کوڕی سولەیمان کوردی لە سەر تحفه المحتاج) لە فقه، بە دەستی عبدالله کۆڕی کوردی بۆ مەلا ئیسماعیل کوری ئیبراهیم کوری حەیدەرنوسیوەتەوە
20ـ (قەرەباغی علی حسام کاتیەوە ) صالح کوری عباس حەیدەری سالی**1233**ك**1817**ـز، لە قوتابخانەی ماوەران نوسیویەتیەوە
21ـ (رساله عصام الدین فی علم الوضع)، بە دەستی صالح کوڕی عەباس کوڕی صالح کوری عباس کوری احمد کوری حەیدەری یەکەم سالی **1235**ك- **1819**ز، وە چەندەها کتابانی تریش لەو گوندە نوسراونەتەوە
22ـ (الجواهر الفاخره فی أحوال الاخره) دانراوی شیخ محمدی غەزالی یە عەبدولصەمەدی کوری ئیبراهیمی کوڕی مەحمودی کوری ئیبراهیمی ناسراو بە سەلانی سالی **1282**ك لە گوندی ماوەران لای مەولانا حسەینی (الشارح المدرس) نوسیویەتەوە
23ـ کتابی (جەلالەدینی منطق) باپیری باپیرم مەلا عەبدولمەجیدی کوری مەلا عەبدولحەمیدی حەیدەری لەسالی **1287**ك لە گوندی ماوەران لە لای مامۆستای خۆی مەلا حسەین شارح نوسیویەتیەە
24ـ (حاشیەی عیصامەدین بەسەر جامیەوە) .... کوری یونس کوری مەلا حسەینی چولاغ لە مەدرەسەی ئیبراهیم ئەفەندی لە ماوەران نوسیویەتەوە
25ـ (حاشیەی یوسف الاصم) حەسەنی بایەزیدی لە گوندی ماوەران نوسیویەتەوە
26ـ(حاشیەی میرزاجان)
27 ـ (حاشیەی لاری) مەلاعبدالله ی کۆڕێ لە گوندی(ماوراء النهر) لە خزمەت مەلا ئیسماعیل کوڕی مەلا ئیبڕاهیم کوڕی مەلا حەیدەر نوسیتیەوە.
28ـمەلامحمد گەرەوەیی سالی 1145 دەلێ لە ماوەران ڕۆیشتین لە بەر جەیشی تەهماسب نادشاە چوینە گوندی وارەکۆن






**عبدالمجید دووەمی حەیدەری**

مەرجەکانی بڵاو بوونەوەی بابەت لەم گۆڤارە:

1ـ بابەتکە نوێ بێ و لە شوێنی دیکە بڵاونەبووبێتەوە.

2ـ بابەتەکان لە 2000 وشە تێنەپەڕن، گۆڤار بۆی هەیە بابەتی درێژ کورت بکاتەوە.

3ـ ئەو نووسەرەی کە یەکەم جارە بابەت دەنێرێ، باشترە چەند دێڕێك لە ژیاننامەی خۆی بنێرێ.

4ـ هەموو بابەتەکان دەکەونە بەر دیدی دەستەی نووسەران و ئەگەر لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی گۆڤار نەگونجان، بۆی هەیە رەتی بکاتەوە، یان داوا لە نووسەر بکا کە دەستکاری بکا.

5ـ گۆڤار ئەگەر بابەتێکێکی قەبووڵ کرد بۆ بڵاوکردنەوە، ئاگاداری نووسەرەکەی دەکاتەوە، بەڵام لەکاتێکدا بڵاونەبوویەوە، پەیوەست نین بە ئاشکرا کردنی هۆکاری بڵاونەبوونەوەی.

6ـ بابەتە بڵاوکراوەکان دەبنە موڵکی گۆڤار و هەر کاتێك بیەوێ بڵاوی دەکاتەوە، لە هەر توێژینەوە و پەڕتووکێکیش پێی گونجاو بێ، بە زمانی خۆی یان وەرگێڕدراو بۆ هەر زمانێکی دیکە بڵاوی دەکاتەوە.

تکایە بابەتەکان تەنها بۆ ئەم ئیمەیلەی خوارەوە بنێرن:

Govari.raha@gmail.com